# کاریگەری بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی سەبارەت بە پاراستنی مافی ئافرەتی کرێکار لە سەر یاسا نێوخۆیەکاندا ( توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاریە )

**د.شاری خالد معروف نانەکەلی**

- ماموستا لە فاکەلەتی یاسا و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بەشی یاسا لە زانکۆی سۆران
- کۆلیژی یاسا لە زانکۆی نۆلیج

## پێشەکی

گومان لەمەدا نیە کە مافەکانی مرۆڤ لەژێر سایەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی کۆندا تەنیا لەچوارچێوەی یاسا نێوخویەکاندا بوونی هەبوو، بەڵام پاش پێشکەوتنی پێگەی تاک لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا، ئەم مافانە بوونە جێگای بایەخ پێدان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی، قاوغێکی یاسایی وەربگرێت لەڕێگەی ڕێخستن و دەقنووس کردنیان لەچەندین ڕێکەوتنامە و بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیدا. مافی ئافرەتانیش کەوەك پێکهاتەی سەرکی دروست بوونی خێزان و کۆمەڵگا بێبەش نەبوو لەم بایەخ پێدانە و وەك یەکێك لەمافەکانی مرۆڤ ، جەختی لەسەر کرایەوە لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا بەتایبەتی پاش جەنگی جیهانی دووەم.

جێگای ئاماژه پێکردنه گرنگیدان و پاراستنی مافەکانی ئافرەتانی کریکار لەسەر ئاستی نێودەوڵـەتی و رەنگدانـەوەی دەبێـت لەسـەر ئاسـتی پێشـکەوتنی یاسـا ناوخۆیـەکان بەشێوەیەکی کەم یا زۆر، وە دەبێت ئەوەش لەبیر نەکـەین، کـە پێـوەری پێشـکەوتنی هـەر کۆمەڵگایەك، بەندە بەئاستی نزیکبوونەوەی دەقـەکانی یاسـای نـاوخۆی ئـەم وولاتـە لەگـەڵ دەقەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی، لەبەر ئەوە گرنگی دان و بەرقەرارکردنی مافی ئافرەتان کە پێکهاتەی سەرەکی دروسـت کردنـی خێزانـە لەکۆمـەڵگادا دەبێتـە هـۆی دروسـت کردنـی کۆمەڵگایەکی دروست و پێشکەوتوو و ئاشتیخواز کە ئەمـەش یەکێکـە لـە ئامـانجی میسـاقی نەتەوە یەکگرتوەکان کە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیە.

لەخوێندنەومان بـۆ دەسـتوور و یاسـای نـاوخۆیی عێراقـی وە بـەراورد کردنیـان لەگـەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی، ئەوەمان بەدی کرد کە چەندین لەمپەر و کـۆت وبەنـد دێنە پێش مافی ئافرەتانی کرێکار بەمەبەسـتی بێبـەش کردنیـان، کـە ئەمـەش دژواره لەگـەڵ زۆربەی بنەما نێودەوڵەتیەکانی تایبـەت بەمافـەکانی مـرۆڤ و ڕێکەوتنامـە نێودەوڵەتیـەکان، لەگەڵ ئەوەی لەسەردەمی ئەمرۆماندا گرنگی و بوون و زامن کردنی ئەم مافە لە دەستوور و یاسـاکانی زۆربـەی وولاتـان دەقنـووس کـراون بـەلام سـەرەڕای ئەمـە، کـەم و کوڕیـەکی زۆر دەبینرێ کە شایستەی جەخت لەسەر کردنەوەو ڕاڤە کردنە.

گرنگـی توێژینـەوە: جگـە لـەوەی کـە دەوڵـەتی عێراقـی واژووی لەسـەر زۆربـەی ئـەو ڕێکەوتنامانە کردوە سەبارەت بەمافی ئافرەتی کرێکار، بەلام لەگەڵ ئەمەشـدا کـەم وکـوڕی و کەلێنی یاسای لە یاسای نـاوخۆی عێراقـی و چـەندین وولاتـانی تـر دەبینرێـت سـەبارەت بـە پێشـێل کردنـی بنـەماکانی یاسـای نێودەوڵـەتی گشـتی بۆیـە بـە گرنگمـان زانـی کـە توێژینەوەیەکی شیکاری و بەراوردکاری بۆ دەقەکانی دەستوور و یاسـاکانی عێراقـی ئـەنجام بدەین پەیوەست بەم بابەتەوە، بۆئەوەی بتوانین دەستنیشانی ئەم کەموکورتیانە بکەین کە لەدەقە یاساییەکان دەبینرێ ، بەبەراورد لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان.

گـرفتی توێژینـەوە: کێشـە لـەم توێژینەوەیـە بریتیـە لـە دەستنیشـان کردنـی کـەم و کوڕیەکان و پێشێل کاریەکان و بۆشاییە یاسـاییەکانی دەسـتوور و یاسـای ناوخۆیـەکان، بـە

بـەراورد لەگـەڵ بنـەماكانی یاسـای نێودەوڵـەتی گشـتی و بەتایبـەت جاڕنامـەو ڕێكەوتنـە نێودەوڵەتیەكانی پەیوەست بە مافەكانی مرۆڤ و ماڤ ئافرەتانی كرێكار.

ئامـانجی توێژینـەوە:ئامانج لـەم توێژینـەوەدا دیـاری كردنـی مـاڤ ئافرەتـانی كرێكـارە بەگوێرەی بنەماكانی یاسای نێودەوڵـەتی گشـتی و بـەراوردكردنی یاسـا ناوخۆیـەكان لەگـەڵ بنەماكانی یاسـای نێودەوڵـەتی گشـتی و پەیمانامـە نێودەوڵەتیـەكان. تـاوەكوو بۆمـان ڕوون ببێتـەوە كـە یاسـای عێراقـی تـا چـەند پابەنـد بـووە بەلەبـەر چاوگرتنی بنـەماكانی یاسـای نێودەوڵەتی سەبارەت بە بەرقەرار كـردن و گـەرەنتی كردنـی مافـەكانی ئـافرەتی كرێكـار لـە یاساكانیدا.

میتۆدی توێژینەوە: سەرەڕای بوونی چەندین میتۆد كەدەتوانرێ پشتی بێبەسـترێت بـۆ گەیشتن بەئامانجەكانی توێژینەوە.لەم تویژینەویەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی شـیكاری بـۆ دەقەكانی یاسای ناوخۆی عێراقی پەیوەست بـەم بابەتـە وەهـەروەها بـەكارهێنانی میتـۆدی بەراوردكاری بۆ بەراورد كردنی دەقە یاساییەكان لەگەڵ بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و وەهاروەها سوود وەرگرتن لە ڕاو بۆچوونی زانایـان لـەم بـوارەدا. بـۆ گەیشـتن بـەئامانجی توێژینەوەكە.

پلانی توێژینەوە: توێژینەوەكە سەرەتا لە پێشـەكی دەسـت پێـدەكات و دواتـر دابـەش كـراوە بـۆ سـەر دوو تـەوەری سـەرەكی وەك لـەخوارەوە ئامـاژەی پێكـراوە، وە كۆتـایی بەتوێژینەوەكە هاتوە بە كۆتا كە چەند دەرەنجام و راسپاردە لەخۆ دەگرێت.

١–مانای ماڤ ئافرەتانی كرێكار لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەكان

١–١.ماڤ ئافرەتی كرێكار لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەكان

١–٢ماڤ ئافرەتی كرێكار لە كۆنگرە و بانگەوازە نێودەوڵەتیەكان

٢–لێكەوتەی بنەماكانی یاسـای نێودەوڵـەتی گشـتی بـۆ پاراسـتنی مافـەكانی ئـافرەتی كرێكار لەسەر یاسای عێراقی .

٢–١ ڕەنگدانـەوەی بنـەماكانی یاسـای نێودەوڵـەتی بـۆ پاراسـتنی مافـەكانی ئـافرەتی كرێكار لەسەر دەستووری عێراقی .

٢-٢ كاریگەری بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی بۆ پاراستنی مافەكانی ئافرەتی كرێكار لەسەر یاسای نێوخۆیی عێراقی.

## ١-مانای مافی ئافرەتی كرێكار لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەكان

ڕوون ئاشكرایە كاركردن[١] وەك چالاكیەك هەر لەكۆنەوە لەگەڵ بوونی مرۆڤایەتی بوونی هەبووە، وەمەبەستی بنەڕەتی تیایدا خیلافەی مرۆڤە لەسەر زەوی و وەدەستهێنانی سوودی ئابووری و بەشداریكردنە لە بێشكەوتنی كۆمەڵگا، هەربۆیە دەبینین ڕوژ لەدوای ڕۆژ گرنگیدان بەكاركردن گەشەدەكات و پێشكەوتنی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت تاوەكو گەیشتە ئەو رادەیەی كە دەتوانرێ بگوترێ بۆتە بنەمایەك بۆ پێشكەوتن و خۆشگوزەرانی كۆمەڵگا لەسەر ڕووی زەوی.[٢] وەگومان لەوەدا نیە كە هەموو مرۆڤێك ج نێر بێت یان مێ بەرامبەر ئەو ئەركەی كە ئەنجامی دەدات كۆمەڵێك مافی هەیە، و لەچوارچێوەی ئەم مافانەش مافی كاركردنە، بەلاّم لەكۆندا بەهۆی تێروانینی كۆمەڵگا بۆ ئافرەتان بەچاوێكی سووك و كەم

---

[١] چەندین پێناسە لەلایەن زانایانەوە خراوەنەتە ڕوو سەبارەت بە پێناسەی چەمكی كاركردن : كاركردن بریتی لە هەوڵ و كۆششی هزری یان جەستەیی یا هەردووكیان بەرامبەر كرێكی دیاریكراو لەپێناو بەرهەمهێنانی شتێك یا خزمەتێك لەپێناو بەرژەوندی كۆمەلگا بۆ بەرجەستەكردنی ئامانجێكی بەسوود لە دام ودەزگاكانی دەوڵەت بەشێوەیەك كە بەشداری دەكات لە خزمەت كردنی ئابووری نەتەوەیی و بەرەو پێش بردنی كرداری گەشەسەندنی وولاّت. بڕوانە :د. صادق مهدي السعيد، العمل و تشغيل العمال و السكان و القوى العاملة، مطبعة المعارف بغداد ،١٩٧٤،ص١٥. وهەروەها بوزیاتر زانیاری بڕوانە: صبحي عبداللطيف معروف، سيكولوجية الطفولة والمراهقة،ط٢، مطبعة جامعة بغداد،١٩٨٠،ص٣١ . وەهەروەها د.عماد الدين خليل و موفق سالم، دخل الى الثقافة الاسلامية، دار ابن الاثير للطباعة والنشر،جامعة موصل،٢٠٠٤، ص ٢٧٥.

[٢] د .هشام فرعون، قانون العمل–تنظيم علاقات العمل، جامعة دمشق، ١٩٨٩ ، ص ٨١ " د .محمود سلامه جبر، الحماية الدستورية والقضائية للحقوق الأساسية في العمل، منشو ا رت مكتب الإعلام بمنظمة العمل العربية، بدون سنة نشر، ص١

بایەخ سەیر دەكرا، تەنانەت زۆر جار تۆمەتی ناڕوای دەخرا پاڵ یاخود وەك پاشكۆی پیاو سەیر دەكرا وزۆربەی مافەكانی پێشێل دەكرا.[1]

لەگەڵ پێشكەوتنی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەنجامدانی چەندین شۆرش و راپەڕین دژی نایەكسانی و نادادپەروەری و پێشێل كردنی ئەم مافانە لەسەر ئاستی جیهان[2] دوای كۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم ئەم مافانە گۆڕانكاریەكی گرنگی بەخۆوە بینی، كەئەویش بریتی بوو لە گۆڕینی بەهای ئەم مافانە لەدروشمی بریقەدار و پرەنسیپ بۆ شێوازێكی تر كە بەهایەكی یاسایی هەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەرێگەی بەیاسا كردنی و دەقنووس كردنی ئەم مافانە لەچەندین رێكەوتنامەو جاڕنامەو پەیماننامەی نێودەوڵەتی[3] هەروەك لەخوارەوە باسی دەكەین.

## ١-١-مافی ئافرەتی كرێكار لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەكان:

دەتوانرێ بگوترێت ئافرەتی كرێكار ئەو ئافرەتەیە كە لەدەرەوەی ماڵ چەندین جۆر كار ئەنجام دەدات، كە هەندێكیان جەستەییە یان كارگێریە یان پیشەییە یان خزمەتكردنە.[4] وەگومان لەوەدا نیە هەموو جۆرە كاركردنێكیش كەمرۆڤ ئەنجامی دەدات بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای رەگەز كۆمەڵێك ئەرك و مافی لێدەكەوێتەوە، هەربۆیە زیاتر دەكەوێتە

١د. تافگە عباس البستاني، حماية المرأة في القانون الجنائي العراقي، مطبعة نازه، اربيل، العراق، ٢٠٠٥،ص٥-١١.

٢د. عزت سعد السيد البرعي،حماية حقوق الانسان في ظل التنظيم الدولي و الاقليمي، مطبعة العاصمة، القاهرة، ١٩٨٥،ص٣-٤. و د. عبدالكريم علوان، الوسيط في القانون الدولي -حقوق الانسان-مكتبة دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان،٢٠٠٤،ص٨.

٣عبدلفتاح عبدالرزاق محمود، الاعلان عن الدولة، اطروحة دكتوراه. مقدمة الى كلية القانون و سياسة، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٧، ص٢٠١.

٤د.خليل محمد حسن الشماع والاخرون، مباديء ادارة الاعمال والقوى العاملة، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٠، ص٧.

چوارچـێوەی مافـەکانی مـرۆڤ کـە کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتی لەڕێگـەی چـەندین بەڵگەنامـەی نێودەوڵەتی ئاماژە بە پاراسـتنیان دەکـات. هـەروەك لـەخوارەوە یـەك لـەدوای یـەك باسـی دەکەین:

### ١-١-١-مافی ئافرەتی کرێکار لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان

میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٤٥ دەرچوو بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشـی نێودەوڵەتی، بۆ دووبارەنەبووەنەوەی ئەو هەموو مەرگەساتەی بەسەر مرۆڤایـەتی دا هـاتبوو لە ئەنجامی هەردوو جەنگی جیهانی یەکـەم و دووەم. ڕێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان وەك کەسایەتیەکی مەعنەوی سەربەخۆ دانی پیـانرا لەلایـەن زۆربـەی زۆری وولآتـانی جیهـان. لـە دیباجـەی میسـاقی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان داهـاتووە و دەڵـێ ( گـەلانی نەتـەوە یەکگرتووەکان جەخت دەکاتەوە لەسەر بـاوەڕ بوونیـان بەمافـە بنەڕەتیـەکانی مرۆڤـەکان و کەرامــەتی تــاك)، وە هــەروەها لــە مــاددەی یــەکی میســاقدا هــاتووە و دەڵێ(نەتــەوە یەکگرتووەکان کاردەکات بو ڕێزگرتن لە مافەکانی مـرۆڤ و ئازادیـە بنەڕەتیـەکانی مرۆڤـەکان بەگشـتی بـەبێ جیـاوازی کـردن لەسـەر بنـەمای ڕەگـەزو زمـان و ئـایین و وەبـەبێ جیـاوازی لەنێوان پیاوان و ئافرەتان)[1]. کەواتـە دەتـوانرێ بگوترێـت ئـەم میسـاقە وەك دەسـتوورێکی جیهـانی وایـە بـۆ مافـەکانی مـرۆڤ ،کـە جـەخت لەسـەر مـافی و مـرۆڤ و بنـەما بنەڕەتیـەکانی ئازادیەکان دەکاتەوە بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هـەموو مرۆڤـەکان و بـەبێ جیـاوازی لـەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ.[2] هەر بۆیە لەگوێرەی ئـەم دەقانـەی سـەرەوە بۆمـان روون دەبێتـەوە کـە ئافرەتانیش شان بەشانی پیاوان مافی کارکردنیان هەیە، وە نابێت بێبەش بکرێن لەمافە.

[1] بڕوانە ماددەی یەك لە میساقی نەتەوەیەکگرتوەکان.

٢ د. امام حسنين عطاالله، حقوق الانسان بين العالمية والخصوصية، دار المطبوعات الجامعية، مصر، ٢٠٠٤، ص١٦.

### ١-١-٢-مافی ئافرەتی كرێكار لە كۆمەڵەی گشتی

كۆمەڵــەی گشــتی وەك یــەكێك لــە پێكهاتــە ســەرەكیەكانی رێكخــراوی نەتــەوە یەكگرتووەكانــە كــە هــەموو ئەنـدامانی نەتـەوە یـەكگرتووەكان لـەخۆ دەگرێـت و چـەندین دەسەڵاتی گشتی هەیە. جا لە چوارچێوەی مافەكانی مرۆڤ كۆمەڵەی گـەلان هەڵدەسـتێت بـە ئەنجامدانی توێژینەوەو دیراسات كردن و پێش كەش كردنی راسپاردەكان بۆ دەستەبەركردن و زامن كردنی مافەكانی مرۆڤ بەبێ جیاوازی كردن لەسەر بنـەمای ئـایین و زمـان و نەتـەوەو رەنگ وەجیـاوازی لـەنێوان ژن و پیـاودا[١]. وە بـەگوێرەی مـاددەی(٢٢) لـە میسـاق دەتـوانێ هەڵبسـتێت بـە گرتنەبـەری رێوشـوێنی پێویسـت بـە مەبەسـتی كارئاسـانیكردن بـۆ لێژنـە لاوەكیەكانی تاوەكو بتوانن هەڵسن بە جێبەجێكردنی ئەركەكانیان هـەروەك لێژنـەی تایبـەت بۆ بەرەنگاربوونـەوەی جیاكـاری رەگـەزی و چـەندین لێژنـەی تـر پەیوەسـت بـەمافی مـرۆڤ و لەمانەش مافەكانی ئافرەتان[٢].

چەندین ئەنجومەن و لێژنەو رێكخراوی نێودەوڵەتی تـر هـەن كـە كـار دەكـەن لـەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوە یەكگرتووەكان وە سەر بە رێكخـراوی نەتـەوە یـەكگرتووەكانن[٣] . بەلآم بۆئەوەی لە چوارچێوەی توێژینەوەكەمان دەرنەچین ، لێرەدا تەنها باسـی ئەنجومـەنی مافی مرۆڤ و دەستەی نەتەوەیەكگرتوەكان بۆ ئافرەتـان دەكـەین كـە پەیوەسـتن بـە بابـەتی توێژینەوەكەمان. شایەنی باسە دامەزراندنی دەستەی نەتەوەیەكگرتووەكان بۆ ئافرەتـان لـە ساڵی٢٠١٠ یەكێك بوو لەدەستكەوتە مەزنەكان بـۆ پاراسـتنی مـافی ئافرەتـان لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی، لەهـەموو رووێكـەوە ، وە مـافی ئـافرەتی كرێكـاریش وەك یـەكێك لـەم مافانـە.

---

[١] بڕوانە ماددەی (٣) لە میساقی نەتەوە یەكگرتوەكان.

[٢] د. مازن ليلو راضي و د.حيدر ادهم عبدالهادي، المدخل لدراسة حقوق الانسان، دار قنديل للنشر والتوزيع، عمان، الاردن،٢٠١٠،ص ٢٨٠

[٣] بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی پێكهاتە و دەستەو رێكخراوەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان براوانە پێگەی ئەلیكترونی خوارەوە:
http://www.un.org/ar/index.html

وەکاروبـاری ئـەم دەسـتەیە بریتیـە لـە پێشکەشـکردنی پاڵپشـتی بـۆ لیژنـەی ئافرەتـان و ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلأیەتی بۆ کۆمەڵەی گشـتی لـە دارشـتنی سـتراتیجیەت و دانـانی بنەماو پێوەرە نێودەوڵەتیەکانە، وەهەروەها یارمەتی دانی وولأتانی ئەندام لەسەر چۆنیەتی پــەیڕەوکردنی ئــەم پێوەرانــە وە لێپرســینەوەی دەزگــا پەیوەندیــدارەکانی نەتــەوە یـەکگرتووەکان لەسـەر ئـەو ئەرکانـەی کەلەسـەریانە ئـەنجامی بـدەن سـەبارەت بـە بابـەتی یەکسانی لەنێوان هەردوو رەگەزی نێـرو مـێ، سـەرەرای ئـەم کارانـە چـاودێری بـەرەو پـێش چوونی ئەم پرسانە دەکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە هاوکاری رێکخراوەکـانی کۆمـەڵگای مەدەنی لە وولأتان[1]. کەواتە دەتوانرێ بگوترێت سوور بوونی ئەم دەستەیە لەسەر بەشـداری پێکردنی ئافرەتان لە هەموو پایـەکانی ژیـان وەیـەکێك لـەم بوارانـەش بـەهێزکردنی پێگـەی ئابووری و کۆمەلأیەتی و کارکردنی ئافرەتـان بـووە بـە شـیوەیەکی یەکسـان و بـێ جیـاوازی لەگەڵ پیاواندا، بۆ فەراهەم کردنی ژینگەیەکی گونجاو بو کار کردنی ئافرەتان بەپێ پێـوەرە نێودەوڵەتیەکانی وە داکۆکی کردن لەم مافە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

بێگومـان ئەنجوومـەنی مـافی مـرۆڤیش وەك یـەکێك لـە دەزگاکـانی سـەر بـە رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـە پاڵپشـتیەکی گـرنگ دادەنرێـت بـۆ پاراسـتن و چـاودێری کردنـی مافەکانی مرۆڤ و مافی ئافرەتانی کرێکاریش وەیەکێك لەم مافەکانی مرۆڤ شـان بەشـانی پیـاو دەبێت مافەکانی زامـن بکرێـت بـەبێ جیـاوازی لـەنێوانیان لـە هـەموو لایەنیـەکی پەیوەسـت بەکارکردن.

### ١-١-٣ رێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان

یەکسـانی بـەردی بناغـەی هـەر کۆمەڵگایـەکی دیموکراسـی یـە کـە هەوڵـدەدات بـۆ دادپــەروەری کۆمەلأیــەتی و پاراســتنی مافــەکانی مــرۆڤ، بــەلأم لەگــەڵ ئــەوەش لەزۆربــەی کۆمەڵگاکان ولەسەر هـەموو ئاسـتەکان ئافرەتـان ڕووبـەڕووی نایەکسـانی لـەڕووی یاسـای و

---

١ بۆ زیاتر زانیاری سەیری پێگەی ئەلیکترۆنی خوارەوە بکە:
http://spring-forward.unwomen.org/ar/partners/un-women

واقیعی دەبنەوە، وەئەم بارودۆخەش لەمەوە سەرهەڵدەدات كاتێك جیاوازی دەبینرێ لەسەر ئاستی خێزان و كۆمەڵگاو لەشوێنی كاركردن لەنێوان ئافرەت و پیاودا.[١] بوونی ئەم هۆكارانە وای لە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی كرد كە گرنگیەكی زیاتر بە پرسی ئاقرەتان بدات وەك بەشێك لەبەشەكانی پرسی ماف مرۆڤ لەسە ئاستی جیهان لەبەرئەوەی ئافرەتیش مرۆڤە.

ئەم گرنگیدانە بەمافی ئافرەتان وەرگێردرا لەرێگەی هەوڵ و كۆششێكی زۆر بۆ نوسینەوەو دەقنووس كردنی مافەكانی ئافرەتان بەشێوەیەكی گشتی[٢]، بەلاّم لەڕووی گرنگیدان و داكۆكی كردن لەماف ئافرەتانی كرێكار رێكخراوی كاری نێودەوڵەتی رۆڵێكی بەرچاوی هەبووە لەم بوارەدا، بۆ پەسەند كردنی ڕێكەوتنامەكانی پەیوەست بەماف ئافرەتانی كرێكار هەروەك، یەكسانی لەوەرگرتنی كرێ ی كاركردن لەنێوان پیاوان و ئافرەتان ژمارە(١٠٠)ی ساڵی ١٩٥١ ،كەئەمەش رەنگدانەوەی ئەم پرنسیپەیە كەلەمیساقی ئەم رێكخراوەدا هاتووە هەر لەسەرتای دروستبوونیەوە[٣]. هەروەها ڕێكەوتنامەی تایبەت بە

[١] د. صباح احمد محمد، مساهمة المرأة في العمل الانتاجي، رسالة ماجستير مقدمة الى قسم الاجتماع بكلية الاداب في جامعة بغداد،١٩٨٥، ص١٣٨.

[٢] ئەو رێكەوتنانەی كە پێش دامەزراندی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان لەلایەن رێكخراوی كاری نێودەوڵەتی دەچوون هەروەك: ڕێكەوتنامەی ژمارە(١٩) ی ساڵی ١٩٢٥ سەبارەت بە رووداوەكانی كاركردن.ڕێكەوتنامەی تایبەت بە تێكگیرانی یاسای نێوخۆیی پەیوەست بە شووكردن و تەلاق و جیابوونەوەو ولایەت لەسەر هەرزەكاران ساڵی ١٩١٢ كە لەلاهای بەسترا وەهەروەها ڕێكەوتنامەی پاراستنی مافەكانی دایكایەتی هەمواركراو ژمارە (١٠٣)ی ساڵی ١٩٣٥ ، رێكەوتننامەی ژمارە (٤١) سەبارەت بەكاركردنی ئافرەتان لەشەودا وە هەروەها ڕێكەوتنامەی كاركردنی ئافرەتان لەژێر زەوی ژمارە(٤٥) ی ساڵی ١٩٣٥

[٣] رێكخراوی كاری نێودەوڵەتی وەك رێكخراویكی بێلایەن لە ١١ی نیسانی ١٩١٩ دروست بوە كە سەر بە كۆمەلەی گەلان (عصبة الامم)بووە وە لەساڵی ١٩٤٦دەستووری ئەم رێكخراوە هەمواركرا و پەسەند كرا كە جەخت لەسەر پرەنسیپە بنەرەتیكان دەكاتەوە كە رێكخراوەكەی لەسەر دروست كراوە.وە لەخولی (٢٩) كۆنگرەی گشتی كە لەساڵی ١٩٤٦ بەسترا بەكۆی دەنگ ئەم رێكەوتنەی پەسەند كرد كە ئەم رێكخراوە ببێتە یەكێك لە رێكخراوەكانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان بەگوێرەی مادەی (٦٣) لۆ میساقی نەتەوە

نەهێشتنی سوخرە سالّی ١٩٥٧، ڕێکەوتنامەی تایبەت بە جیاوازی ڕەگەزی لەکارکردن ولە بەکارهێنان و کاری پیشەیی سالّی ١٩٥٨، ڕێکەوتنامەی ژمارە(١١٨) ی سالّی ١٩٦٢ سەبارەت بیمەی کۆمەلأیەتی، ڕێکەوتنامەی تایبەت بە نوێنەرایەتی کرێکاران سالّی ١٩٧١، ڕێکەوتنامەی پەیوەندیەکانی کارکردن لەخزمەتکردنی گشتی سالّی ١٩٧١، رێکەتنامەی سەلامەتی تەندروستی و پیشەیی کرێکاران سالّی١٩٨١، وەهەروها رێکەتنامەی ژمارە(١٥٦) ی سالّی ١٩٨٣ هەڵسوکەت کردن بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان کرێکارانی ئافرەت و پیاو ئەوانەی کە بەپرسیاریەتی خێزانیان لە ئەستۆدایە[١].

رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی سەرەرای ئەم ڕێکەوتنامانەی کە دەری کردوون هەڵدەستێت بە چاودێری کردنی وولآتانی ئەندام بۆ دڵنیابوون لەسەر پابەندی یاساکانی ناوخۆی وولآتان بەم ڕێکەوتنامانەوە و بە پێوەرەکانی دیارکراو بۆ کارکردن، وەهەروەها پشت دەبەستێت بە راو بۆچوونی لێژنەی یەکلایی کردنەوەی راستیەکان سەبارەت بەم ڕاپۆرتانە کە بەرز دەکرێنەوە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، وەهەروەها پشت دەبەستێت بەلێژنەی کەسانی شارەزاو بێلایەن کە کارەکانیان بریتیە لە سەیر کردن و پشکنینی ڕاپۆرتی وولآتانە لەڕووی یاساییە و لەڕووی هونەریەوە وە چاودێری کردنی وولآتان بە پابەند بوونیان بە ئامانج و دەستووری ئەم رێکخراوە کە هەول دەدات بۆ یەکسانی لەکرێی کارکردن لەنێوان پیاوان و ئافرەتان بەرامبەر ئەو هەمان ئەوکارەی کە ئەنجامی دەدەن[٢].

یەکگرتووەکان وە ئەم ریکەوتنەش چووە بواری جێبەجێکردن پاش ئەوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕەزامەندی لەسەرکرد بە بڕیاری (٥٠/د-١) لە ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦.، وە ئەم رێکەوتنەبۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: د.عبدالكريم علوان، مصدر سابق، ص ١٠٤-١٠٦.

١مدهش محمد أحمد عيدالله المعمري، الحماية القانونية لحقوق الانسان في ضوء احكام القانون الدولي والشريعة الاسلامية، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، مصر، ٢٠٠٧، ص١٤٨. وهەروەها د. عبدالكريم علوان، مصدر سابق، ص١٠٦.

٢د. منى محمود مصطفى، القانون الدولي لحقوق الانسان، دار النهضة العربية، القاهرة،١٩٨٩، ص٧٥.

جێگای ئاماژه پێکردنه کـه ڕێکەوتنامـەی نەهەێشـتنی هـەموو جـۆره جیاوەزیـەك دژی ئافرەتان (سیداو)ی ساڵی ١٩٧٩ ڕۆڵێکی بەرچاوی بـینی لـه بـەرەو پێشـبردنی پرسـی مـافی ئافرەتان بەشێوەیەکی گشـتی لـەزۆر لایەنـەوە لەمانـەش مـافی ئـافرەتی کرێکار،هـەروەك لـه ماددەی (١١) ئامـاژه بـەوە دەکـات کـه مـافی کـارکردنی ئافرەتـان مافێکـه تەسـەروفی پێـوه ناکرێت ، وەهەروەها ئەم ڕێکەوتنامه وولاّتانی ئەندام پابەند دەکات کەهەموو ڕێوشـوێنیکی گونجاو بگرنەوبەر بۆ گەرەنتیکردنی درووست بوونی یەکسانی و زاڵبوون بەسەر هەموو جۆره جیاوازیـەك لـه شـوێنی کـارکردن وه بەتایبـەتی مـافی وەرگـرتنی هـەلی کـارکردن و مـافی هەلبـژاردنی پیشـه و جـۆری کـار وەهـەروەها مـافی راهێنـانی پیشـەیی و مـافی یەکسـانی لەوەرگرتنی کرێی کارکردن و مافی بیمەی کۆمەلأیەتی بەتایبەتی لەحاڵەتی نەخۆش کـەوتن و خانەنیشنکردن و پیربوون و و مافی وەرگرتنی مۆلەتی بەمووچه. وهـەروەها ئـەم ریکەوتنامـه داوا لـەم وولاّتانـه دەکـات کـه واژووی رێکەتنامەکـەیان کـردووه، پێویسـته لەسـەریان ئـەم ڕێوشوێنانه بگرنه بەر بۆ گەرەنتی کردنـی مـافی تەندروسـتی ئـافرەتی کرێکـارو و سـەلامەتی بـارودۆخ و ژینگـەی کـارکردن وه پاراسـتنی بـارودۆخی ئـافرەتی دووگیـان فەراهـەمکردنی کەشێکی تایبەت و گونجاو بۆیان و نەهێشتنی جیـاوازی دژی ئافرەتـان بـەهۆی شـووکردن و منداڵبوون و دایکایەتی لەکارکردن بـەکار بهێنرێـت و ئەمانـه وەك سـزایەك بـەکاربهێنرێ دژی ئافرەتی کرێکار .هەر بەمەستی پارێزگاری کردن له مافی ئافرەتی کرێکار ڕێکەتنامەی ژماره (١٨٣)ی ساڵی ٢٠٠٠ دەرچوو کەتیایدا هاتووه دەبێـت مۆڵـەتی لـەدایکبوون (١٤) هەفتـەبێت وه مافی ئـەوەی هەیـه مۆڵـەتی زیاتریشـی پێبـدرێت، لەحاڵـەتێك ئەگـەر هـاتوو توشـی هـەر نەخۆشیەك یان هەوکردنێك بوو لەئەنجامی دووگیانبوون و منداڵ بوون .

جێگـای بـاس کردنـه هـەر دوو عەهـدی نێودەوڵـەتی سـاڵی ١٩٦٦ بـەناوی عەهـدی نێودەوڵەتی تایبەت به مافه شارسـتانی و سیاسـیەکان وه عەهـدی نێودەوڵـەتی تایبـەت بـه مافـه ئـابووری و رۆشـنبیری و کۆمەلأیـەتی.دەتوانرێ بگوترێـت لـه هـەردوو عەهدەکـەدا بەشـێوەیەکی گشـتی جـەخت کراوەتـەوه لەسـەر یەکسـانی نێـوان مرۆڤـەکان بـه گشـتی وه جیاوازی نەکردن لـه نێـوان رەگـەزی نێـر و مـێ لەهـەموو بوارەکـانی ژیانـدا لەمانـەش مـافی

کارکردنی ئافرەتان. لەماددەی (٣)ی عەهدی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دا هاتووە کە پێویستە لەسەر وولاٌتانی ئەندام لەم عەهدە هەموو مافەکان بەشێوەیەکی یەکسان فەراهەم بکەن لەنێوان ئافرەتان و پیاوان بۆئەوەی بتوانن کە هەموو مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دەستەبەر بکەن. وەهەروەها لە ماددەی (٧) ئاماژە بەوە دەکات دەبێت مەرجەکانی کارکردن بۆ ئافرەتان و پیاوان یەکسان بێت و جیاوازی نەبێت لەنێوانیان وە لە ماددەی (١٠) باس لە پاراستنی مافی دایکانی کرێکار دەکات. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت لەبەر بوونی جیاوازی لە نێوان رەگەزی نێرو مێ لە کارکردن وای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد کە ئەم جیاوازی نەهێڵێت لەزۆر ڕووەوە و لەمانەش مافی کارکردنی ئافرەتانی کرێکار .

## ١-٢-مافی ئافرەتی کرێکار لە جاڕنامەو کۆنگرەنێودەوڵەتیەکان

بەمەبەستی توێژینەوە لەسەر مافی ئافرەتی کرێکار لە جارنامە و کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان وای بەباش دەزانین کە بەگوێرەی ئەم خالانەی خوارەوە باسیان بکەین لەخاڵی یەکەم باس لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ وەهەروەها جاڕنامەی نەهێشتنی جیاوازی دژی ئافرەتان وە لە خاڵی دووەمیش باس لە کۆنگرەنێودەوڵەتیەکان دەکەین کە رۆڵێکی گرنگیان بینیوە سەربارەت بە مافەکانی ئافرەتی کرێکار. وەك لەخوارەوەدا هاتووە.

### ١-٢-١ جاڕنامەی جیهانیەکان

بێگومان چەندین جاڕنامە دەرکراون لەسەر ئاستی ناو خۆی[١] و نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەلاٌم لێرەدا تیشك دەخەینە سەر تەنیا جاڕنامە نێودەوڵەتیەکان.لەمانەش جارنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ ١٩٤٨کە بە وەرچەرخانێکی

[١]جاڕنامەی ئینگلیزی بۆمافەکان لەساڵی١٦٨٨ وە جاڕنامەی سەربەخۆی ئەمەریکی ١٧٧٦ وە جاڕنامەی مافەکانی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩.بۆزیاتر زانیاری بڕوانە: د. جبار صابر طه، النظرية العامة لحقوق الانسان بين الشريعة الاسلامية والقانون الوضعي، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، لبنان،٢٠٠٩،ص١٨٨ ومابعدها.

مێژووی هەژماردەکرێت بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهان. هەروەك لە دیباجەکەیدا بۆ چەندین جار ئاماژە بەیەکسانی دەکات هەروەك لە ماددەی (١) دا هاتووە ( کەهەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایکدەبن وە یەکسانن لە کەرامەت و لە مافەکان، وەهەروەها لە ماددەی (٢) ئەم جارنامەیە ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە مرۆڤەکان بێبەش نەکرێن لەمافەکانیان و لە ئازادییە بنەرەتیەکان لەسەر بنەمای جیاوازی رەگەز و ئاین و ...هتد [١]، وەدەتوانرێ بگوترێت سەرەرای ئەو وەچەرخانەی بەسەر مافی مرۆڤیدا هێنا لەهەمان کاتدا گۆرانکاریەکی گەورەبوو لە مێژووی مافی ئافرەتان کە زۆر بە ڕاشکاوی دانی نا بەیەکسانی ماف لەنێوان ژن و پیاودا. وە سەبارەت بە پاراستنی مافی ئافرەتی کرێکار لە ماددەی (٢٣) دا هاتووە کە دەڵێ هەموو تاکەکان(الافراد) بەبێ جیاوازی مافی وەرگرتنی کرێی یەکسانیان هەیە لەهەمان جۆری کاردا. ئەمەش ئاماژەیەکی دیاروو ڕوونە لەبەرئەوەی ووشەی تاك تەنها پیاو ناگرێتەوە بەڵکو ئافرەت و پیاودەگرێتەوە.وەهەروەها لەبڕگەی یەك و دووی هەمان ماددەی سەروە لەم جارنامەیەدا هاتووە کە مافی هەموو کەسێکە واتە چ پیاو بێت یان ئافرەت لە ئازادی هەڵبژادنی کار وە مافی وەرگرتنی کرێیەکی گونجاویان هەیە بەشێوەك کە بتوانێ خۆی و خێزانەکەی بەسەر بڵندی و بەکەرامەت پێی بژیت.[٢]

جێگای باسە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ سروشتی ئافرەتانی بەلاوە نەناوە بەڵکوو ئاماژەی بە ئافرەتانی دایکیش کردووە بۆ ئەوەی لەکاتی شووکردن و دووگیانی بوونییشدا مافی کارکردنی پارێزراو بێت هەروەك لە ماددەی (٢٥) دا ئاماژە بەوە دەکات کە ئافرەتی کرێکار دەبێ مافی دایەکایەتی و چاودێری کردنی لەبەر چاو بگیرێت.

جارنامەی جیهانی بۆنەهێشتنی توندو تیژی دژی ئافرەتان کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٩٣ پەسەندی کرد[٣]. ئەم جارنامەیە زیاتر تیشکی خستەسەر ئەو

[١] وسام حسام الدين الأحمد، حماية حقوق المرأة في ضوء الشريعة الاسلامية و الاتفاقات الدولية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ط١ ،٢٠٠١ ، ص٨٢

[٢] بڕوانە دەقی مادەی(٢٢ و ٢٣ و ٢٤ و ٢٥) لە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ.

[٣] پەسەندکرا لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بە بڕیاری ژمارە (١٠٤/٤٨) لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣.

توندوتیژیەی بەرامبەر ئافرەتان دەکرێت  وە یەکێك لە ئامانجەکانی ڕەتکردنـەوەی جیـاوازی بوو لە نێوان پیاوان و ئافرەتـان بـۆ ئـەوەی یەکسـانی و دادپـەروەری بەرقـەرار بێـت، لەبـەر ئەوەی بـوونی جیـاوازی دەبێتـەهۆی ڕێگـە گـرتن لـەپێش ئافرەتـان وە نـاتوانن مافـەکانیان دەستەبەر بکەن شان بەشانی پیاوان.هەروەك لـە مـاددەی (٢/ب) ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە نابێت هـیچ جـۆرە دەسـت درێژیـەك بکرێتـە سـەریان لـە شـوێنی کـارکردن وە مـاددەی (٣) جەخت لە یەکسانی مەرجەکانی کارکردن دەکات لەنێوان پیاوان وە ئافرەتان.

## ١-٢-٢- کۆنگرەنێودەوڵەتیەکان

جێگای ئاماژە پێکردنـە لەبـەر بـوونی پێشـێلکاریەکان دەرهـەق بەمافـەکانی ئافرەتـان چەندین کۆنگرەی نێودەوڵەتی بەستران بەمەبەستی پاراسـتنی مـافی ئافرەتـان بەشـێوەیەکی گشـتی وەیـەکێك لـەم مافانـەش کـە جـەختی لەسـەر کرایـەوە مـافی ئـافرەتی کرێکـار بـوو. نـــاوەرۆکی داواکاریـــەکانی کـــۆنگرە نێودەوڵەتیـــەکانی پەیوەســـت بـــە مـــافی ئافرەتـــان لەکۆنگرەیەکـــەوە بـــۆ کۆنگرەیـــەکی تـــر گۆرانکـــاری پێوەدیـــاربوو بـــەگوێرەی بـــەرەو پێشەوەچوونی  ژیان و گوزەران و بارودۆخی ئافرەتان لەهەرشوێنێکی دونیادا وە کاریگـەری ئەم داواکاریانەی کە لـەکۆنگرەکان دەردکـران لەسـەر کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتی و دەوڵـەتانی جیهان بەرەبەرە باشتر بەدیار دەکەوت.

یەکەم کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئافرەتان لە مەکسیك لە ساڵی ١٩٧٥ بەسترا کـە چـەندین وولاَت تیایدا بەشداربوون وە ئامانجی ئەم کۆنگرەیە بەرقەرار بـوونی یەکسـانی بـوو لـەنێوان پیاو ئافرەت وە هەروەها بەشداری کردنـی ئافرەتـان لـە کارەکـانی گەشـەپێدان و بەشـداری کردنی ئافرەتان لە پاڵپشتی کردنی ئاشتی نێودەوڵەتی.[1] لەم کۆنگرەیـە بڕیـار لەسـەر (٣٠)

[1] ئەم کۆنگرەیە بەبریاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٣٠١٠) لە ١٨-١٢-١٩٧٢ لەخولی (٢٧) بڕیاری لەسەر درا کە لەشاری مەکسیکۆ لە ساڵی ١٩٧٥ ببەسترێت وەئەم ساڵەش بە ساڵی ئافرەتان ناوبرا . وە ئەنجوومەنی کۆمەلآیەتی  و ئابووری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەرنامەیەکی دارشت لە ١٦-٥-١٩٧٤ بۆ

پرەنسیپ درا لەوانەش جەخت کرا لەسەر یەکسانی کریٚ کارکردنی ئافرەتان کرایەوە کە بەهەمان شێوەی پیاوان کریٚ وەربگرن لەکاری هاوشێوەدا[1]. دوایی کۆنگرەی دووەمی ئافرەتان بەسترا لە ساڵی ١٩٨٠ لەشاری کوبنهاگن ی پایتەختی دانمارك لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان ، وەلەبەیانی کۆتای کۆنگرەکە داوا کرا کە رێوشوێنی باشتر وە بەهێزتر بگردرێتەبەر لەلایەن وولاٚتان بەمەبەستی پاراستنی مافی ئافرەتان لە موڵکداریەتی و میرات و منالٚ بەخێوکردن و لەدەستدانی رەگەزنامە. سەرەرای هەڵسەنگاندنی پەیرەوکردنی وولاٚتان بوٚ ئەو داواکاریانەی کە لەکۆنگرەی پێشوو ئاماژەی پێکرا بوو . لەساڵی ١٩٨٥ کۆنگرەی سیٚ یەمی ئافرەتان بەسترا بەمەستی پێشکەش کردن و هەڵسەنگاندنی دەساڵەی کارکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پرسی ئافرەت لەجیهان، وەزۆر کەس ئەم ڕووداوەی بە لەدایکبوونی بزووتنەوەی ژنانی جیهانی ناو دەبرد، لەم کونگرەیەدا هەست بەوە کرا کە ئامانجەکانی کۆنگرەی مەکسیك تائیستا بەرقەرار نەبووە بەتەواوی[2].

پتەوکردنی مافەئابووریەکانی ئافرەتان و سەربەخۆی ئابووریان وەهەروەها فەراهەم کردنی هەلی کارکردن و دەسەلاٚتدارێتی ئافرەتان لەسەرچاوە ئابووریەکانیان، یەکێك بوو لەناونیشانەکانی ئامانجە ستراتیجیەکانی کۆنگرەی پەکین.[3] کە جەخت لەسەر ئەوەدەکاتە کە پێویستە لەسەر حکومەتەکان هەڵسن بە :

١- دارشتن و جیبەجیکردنی یاساکانی کە گەرەنتی ئەوە بکات پیاوان و ئافرەتان یەکسان بن لەکریٚ وەرگرتن بەرامبەر هەمان ئەوکارەی کە ئەنجامی دەدەن .

---

ئەم ساڵە کە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی ببەستێت لە ژێر درووشمی یەکسانی و گەشەپێدان و ئاشتی. لەکۆنگرەی مەکسیکۆ شاندی ١٣٣ دەوڵەت بەشدار بوون تیایدا.

١مدهش محمد احمد عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٨.

٢بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە پێگەی ئەلیکترونی خوارەوە:
http://www.un.org/ar/sections/issues-depth/women/index.html

[3] بڕوانە بەلگەنامەی کارەکانی پەکین، ئامانجە ستراتیجیەکان (واو–١) لەسەر پێگەی ئەلیکترونی خوارەوە:
http://hrlibrary.umn.edu/arabic/BeijingDeclPl.html

٢- پەسەند کردن و جێبەجێکردنی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی جیاوازیکردن لەسەر بنەمای رەگەز لە بازاری کار، دامەزراندن، پلەبەرزکردنەوە، پاداشت، بیمەی کۆمەڵایەتی، بارودۆخی کارکردن لەگەڵ بایەخدانێکی تایبەت بەئافرەتانی کرێکاری بەساڵاچوو.

٣- نەهێشتنی پەیڕەکردنی جیاوازی کردن لەنێوان پیاوان و ئافرەتان لەلایەن خاوەن کارەکان، وەگرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ لەبەرچاوگرتنی رۆڵی ئافرەت وەك دایك سەرەرای رۆڵی لەکارکردن، کەهەندێك لە خاوەنکارەکان بەرامبەر ئافرەتی کرێکار ئەنجامی دەدەن وەك : بێبەشکردنی ئافرەتی کرێکار یان فەسڵ کردنی لەکارەکەی بەهۆی حاڵەتی دووگیانی یان بەهۆی پێویستی بە شیرپێدانی کۆرپەلەکەی بەشێوەیەکی سروشتی، یان داوا لێکردن لە ئافرەتی کرێکار بەبەکارهێنانی ئامرازەکانی نەهێشتنی سکپربوون و دووگیانی. وەهەروەها گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێکی کاریگەر بوگەرەنتی کردنی جیاوازی نەکردن دژی ئافرەتانی دووگیان یان ئەو ئافرەتانەی کە لەکارکردن دابڕاون بەهۆی مۆڵەتی دایکایەتی، یان گەڕاندنەوەیان بۆ بازاری کار دوای منداڵ بوونیان.

٤- دۆزینەوەی ڕێگایەکی گونجاو و گرتنەبەری ڕێووشوێنی پێویست بۆئەوەی بتوانرێ ئافرەتی کرێکار بەشداربێت لە داڕشتنی ستراتیجیەت و سیاسەتەکانی کارکردن .

٥- دارشتنی یاساکان و گرنگیدانی زیاتر بە چاکسازی کارگێری بۆئەوەی ئافرەتانیش یەکسان بن لەگەڵ پیاوان لە مافە ئابووریەکاندا، تا بتوانێ خاوەنداریتی زەوی و جۆرەکانی تری خاوەندارێتی بکات  و دەسەڵاتی هەبێ بەسەر موڵکەکەیدا هەبێت.

٦- هەوڵدان بۆدۆزینەوەی زانیاری زیاتر لەکارکرن و دامەزراندن لە میانەی تێکۆشان و هەوڵدان بۆزانینی پێوانەکردنی ئەوکارانەی کەبەرامبەریان برێکی دیاریکراو دانەنراوە یان دیارنیە وەهەروەها تێگەیاندنی زیاتری ئافرەتانی کرێکار لەسەر جۆرەکانی و چوارچێوەی ئەم کارانە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە چاودێری کردنی بەتەمەنەکان و ئەوکارانەی کە کرێکەی دیارنیە وەك کارکردن لە ماڵەکان یان کارەبازرگانیەکان. وەهەروەها پێویستە هاندان هەبێت لەڕووی بڵاوکردنەوەی دیراساتەکان و تاقیکردنەوەکانی کە دەکەوێتە چوار چێوەی ئەم بوارانەوە.

٧- ئاشكراكردن و هەمواركردنی ئەویاسایانەی كە كاری دەزگا دارایەكان رێك دەخەن بۆ ئەوەی بزانرێ كە بەیەكسانی خزمەت بە كرێكاری ئافرەت و پیاو دەكاتن. وە هەوڵدان بۆئەوەی هەموو كۆمپانیاكان گوێرایەڵی سیستەمی بیمەی كۆمەڵایەتی و هەموو ئەو بەڵگەنامەو رێكەوتنامانە بن كە پەیوەستن بەم بابەتەوە، لەوانەش هەموو ئەو یاساو بەڵگەنامەو رێكەوتنامانەی پەیوەستن بە بەژینگە.

٨- هاندانی ئەو سیاسەت و ئەو رێو شوینانەی كە جۆری رەگەز لەبەر چاو دەگریت لەپێناو هاندانی تواناكانی ئافرەتان وەك هاوبەشێكی یەكسان لەگەڵ پیاودا لە گۆڕەپانی كارە تەكنیكی و كارگێری و پرۆژەییەكاندا.

دووەم ئاماجی ستراتیجی كۆنگرەی بەجین سەبارەت بە مافەكانی ئافرەتی كرێكار بریتیبوو لە كارئاسانی كردن بۆگەیشتنی ئافرەتانی كرێكار بەیەكسانی لەگەڵ پیاواندا بۆ مەواردەكان و كرێكاری و بازارو بازرگانی كردن ، وە داوا لە حكومەتەكان دەكات هەموو ئەو رێكارانە بگرنە بەر بۆ فەراهەم كردنی ئەم مافانە هەروەك كە بەكورتی ئاماژەیان پێدەدەین لەخوارەوە:

١- هاندان و پاڵپشتی كردنی كاركردنی ئافرەتان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی وە هەڵسانی بە ئەنجامدانی پرۆژەی بچووك، وەهەروەها پاڵپشتی كردنی بۆ وەرگرتنی قەرز و بەدەستكەوتنی سەرمایە بەیەكسانی هەروەك پیاوان، بەهامان ئەو مەرجانەی كەدەدرێت بەپیاوان، ئەمەش لەرێگای زیادكردنی پلە بە پلەی رێژەی ئەو دەزگایانەی كە تایبەتن بە هاندانی ئافرەتان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەكان، ئەمەش بەگوێرەی پێویست .وە گرنگی دان بەهاندانی ئافرەتان لەلایەن دەوڵەتەوە لەبەر ئەوەی دەوڵەت رۆڵێكی گرنگ دەبینێ هەروەك خاوەن كارێك بو دانانی ستراتیجیەتی گونجاو بۆ ئەوەی هەلی كاركردنی هەروەك و پیاوان بدرێت بەئافرەتانیش بەشێوەیەكی یەكسان.

٢- پاڵپشتی كردنی توانای دارایی ئافرەتی لادێی بۆ وەدەستكەوتنی دەرامەت، لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی ئەمەش لەرێگای كارئاسانی كردن، بە گەیشتن بە سەرچاوەكانی بەرهەمهێنان بە یەكسانی، هەروك پێدانی زەوی، وقەرزو، ماف خاوەندارێتی و

بەرنامــەکانی گەشــەپێدان ...هتــد.وە پاڵپشــتی کــردن و هانــدانی پــرۆژە بچــووکەکان، کارەبازرگانیە نوێیە بچووکەکان ، و هەلی کـارکردنی تـر، وەهەڵسـانی حکوومـەت بـەم کـارە هەرکاتێك کـە کـە گونجـاو بێـت، ئەمـەش بـە کارئاسـانی کـردن بۆگواسـتنەوە لـە کـەرتێکی نافەرمی بۆ کەرتی فەرمی بەتایبەتی لە ناوچە لادێیـەکان. وە دانـانی بەرنامـەوە سیاسـەتی گونجاو کە دان بە ڕۆڵی ئافرەت دادەنێت کە ڕۆڵێی زیندووی هەیـە لـە زامنکردنـی ئاسایشـی خـۆراك، وە گرتنەبـەری هـەموو کارئاسـانیەك بۆگەیشـتن بـە: تەکنـەلۆجیای گونجـاو لەگـەڵ جۆری کارەکەی ، هۆکارەکانی گواستنەوە، خزمـەتگوزاری ئامۆژگـاریکردن، سـاغکردنەوەی بەرهەمەکان، بۆ ئافرەتی بەرهەمهێن جا بەرامبەر کرێکی دیاری کراو بێـت یـان بێبەرامبـەر، بەتایبـەتی ئـەو ئافرەتانـەی بەشـدارن لـە لەبەرهـەم هێنـانی خـۆراك هـەروەك، کشـتوکاڵ، ڕاوکردنی ماسی، پەروەردەکردنی زیندەوەرە ئاوییەکان، پرۆژەکانی بچووك لەلادێکان.

٣- زامنکردنـی ڕێزگـرتن لـە مافـەکانی کـارە بنەرەتیـەکان، لەوانـە نەهێشـتنی کـاری سوخرە و کارکردنی مندالأن بەشێوەیەکی گشتی، وە پێکهێنـانی کۆمەڵـەکانی هـەرەوەزی و ماف ڕێکخستنیان، وەماف دانوستانیان هەبێت لەسەر بڕی کـرێ و کاتـژمێرەکانی کـارکردن و مەرجەکانی کارکردن لەگەڵ خاوەن کارەکاندا.واتە نابێت جیاوازی هـەبێت لـە کـرێ لـەنێوان ئافرەتان و پیاواندا بەرامبەر هـەمان ئـەو جـۆرە کـارەی کـە هـەردووکیان ئـەنجامی دەدەن. دەبێت حکومەتەکان پابەند بن بە جێبەجێ کردنی هەموو ڕێکەوتنامەکانی ڕێکخـراوی کـاری نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئەو وولأتانەی کە ئەندامن تیایدا وەهەروەها پێویستە ئـەو وولأتانـەی کە ئەندامیش نین تیایدا هەموو ئەو پرنسیپانە لەبەر چاو بگرن کە لـەدەقی ڕێکەوتنامەکانـدا هاتووە، لەپێناو گەشەسەندنی ئابووری بەشێوەیەکی بەردەوام.

٤- ڕێکخـراوە نـا حکومیـەکانیش پێویسـتە زیـاتر گرنگـی بـدەن بـە پێداویسـتیەکانی ئافرەتـانی کرێکـار لـەکاتی بڵاوکردنـەوەی هەرزانیاریـەك کـە پەیوەنـدی هـەبێت بـە بـازارو بازرگانی و سەرچاوەکان، وەدەبێت زیاتر ڕاهێنانی گونجاو پێشکەش بە ئافرەتان بکەن لـەم چوارچێوەیەدا. وە پێویسـتە لەسـەر ئـەو کـەس و دام دەزگایانـەی کـە تـەمویلی ئافرەتـان دەکەن بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان ڕێکاری نەرم و شـیاو بگرنەبـەر بـۆ تـەمویلکردنی ئافرەتـان

کاتێك كه هەڵدەستن به ئەنجامدانی پرۆژەكان، وەهاندانی ئافرەتان بـۆ زیـاد كردنـی توانـای بەرهەم هێنانی ئەم پرۆژانەو سوودەكانیان.

ئارمانجی ستراتیجیەتی سێیەم بۆ ئافرەتانی كرێكاری كـەم دەرامـەت بـوو، كـە بـریتی بوو لە دەسـتەبەر كردنـی خزمـەتگوزاری بازرگـانی و راهێنانیـان بـە رێگاكـانی گەیشـتن بـە بازارەكان، زانیاری، تەكنەلۆجیا. لـەم خاڵـەش جـەخت دەكرێتـەوە لەسـەر گرتنەبـەری ئـەو رێكارانەی كە پێویستە لەلایەن حكومەتـەكانی وولاتـان و رێكخـراوە ناحكومیـەكان و كـەرتی تایبەت بگردرێتەبەر. وەرێكخراوەكانی كارەبازرگانیەكانی لۆكەڵی و نێودەوڵەتی و رێكخـراوە ناحكومیەكان و ئەوانەی گرنگی بە پرسی ئافرەتان دەدەن، لەلایەن خۆیانەوە دەبێت لەسەر هەموو ئاستەكان پاڵپشت و هاندەری ئەو كـارە بازرگـانی و پروژانـە بـن كـە ئافرەتـان رۆڵـی گرنگیان تیایدا هەیە،جا چ لەكـەرتی گشـتی بێـت یـا تایبـەت. وە دەبێـت بەیەكسـانی بـەبێ جیـاوازی ئافرەتـانیش هـەروەك پیـاوان هـەلی بەدەسـهێنانی سەرچـاوەكانی بەرهـەمێنانیان هەبێت. وەهـەروەها بـەهێزكردنی توانـای ئـابووری ئـافرەتی كرێكـار و تـۆڕە بازرگانیـەكانی ئافرەتان یەكێك بوو لە ئامانجی چوارەم لەستراتیجیەتی ئەم كۆنگرەیە[1]. كە جـەخت لەسـەر ئەوەدەكات، حكومەتی وولاتەكان لەلایەن خۆیانەوە دەبێت هـەموو ئـەو رێكارانـە بگرنەبـەر، بەمەستی پاڵپشـتی كردنـی رێخكراوەكـانی كـارە بازرگانیـەكان و رێخكـراوە ناحكومیـەكان و سەندیگاكان. وەهەروەها لەبەرچـاوگرتنی جـۆری ڕەگـەز لـەكاتی دووبـارە دروسـتكردنەوەی پەیكەری ئابووری و دانانی بەرنامە بۆ ئەو ئافرەتانەی كە لە دارشتنەوەی پەیكەری ئابووری كاریگەری دەبێت لەسەریان. بەتایبەتی ئافرەتانی كرێكـار لـە كـەرتی تایبەتـدا.وە هـەروەها حكومەتەكان دەبێت پاڵپشتی ئەوبەرنامانە بكەن كە توانای پشت بەخۆبەستان زیاد دەكـات ، لەلایەن ئافرەتانی گەنج ، ئەوانـەی تووشـی پێكـان هـاتوون و لەكاركـەوتوون، وەهـەروەها پشــتگیری كــردن و پاڵپشــتی كردنــی بەساڵاچــووان و ئــەو ئافرەتانــەی كــە ســەر بــە كەمەنەتەوەكانی ترن. وە حكومەتەكان دەبێت چوارچێوەی پاراستنی یاسـای كـار و بیمـەی

[1] ئامانجی ستراتیجی (واو-٤) لەبەلگەنامەی كارەكانی كۆنگرەی پەكین١٩٩٥، سەرچاوەی پێشتشوو.

کۆمەلآیـەتی زیـاد بکـەن بـۆ ئـەوەی ئـەو ئافرەتـە کرێکارانـەش بگرێتـەوە کـە لەماڵەکانـدا کاردەکەن. وەهەر لەم ئارمانجەیدا کۆنگرە جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی تـەکنیکی و بازرگانی دروستکرنی پرۆژەی هاوبەش دەکاتەوە لـەنێوان ئـەو ئافرەتانـەی کـە پـرۆژە رێـك دەخەن لەسەر ئاستی هەرێمی و نیشـتمانی و نێودەوڵـەتی. وەهـەروەها بەشـداری پێکردنـی ئافرەتـانی دوورە پـــەرێزخراو لەکومـــەڵگا ئـــەویش لـــەرێگای کارپێـــدانیان لەشـــوێنەکانی بەرهەمهێنان و بەبازارکردنی بەرهەمـەکانیان بەتایبـەتی لـە ناوچـەی دێهـات و لادێکانـدا. وە یەکێك لەخاڵە گرنگـەکانی تـر ئەوەیـە کـە دەبێـت حکوومەتـەکان رێـز لەیاسـاکانی کـارکردن بگرن، بەتایبەت ئەو بنەمایانەی کە پەیوستن بە ژینگەی کارکردن و بەکاربەرو تەندروسـتی و سەلامەتی ئافرەتانی کرێکار.

پێنجەم ئامـانجی سـتراتیجی بـاس لـە نەهێشـتنی هـەموو جـۆرە جیاوازیـەك دەکاتـەوە لـەکارکردن، کـە داوا لـە حکوومـەتی وولآتـان و خـاوەن کـارو فەرمانبـەران و سـەندیکاکانی کرێکاران و رێکخراوەکـانی ئافرەتـان دەکـات، کـە پێویسـتە هـەموو رێکارێـك بگرنـە بـەر بـۆ پـەیرەوەکردن و جێبـەجێکردنی یاسـاو رێنمایـەکان کـە هـەموو پێوەرەکـانی نێودەوڵـەتی کارکردن دەگرێتە خۆ و هاورێك بێت لەگەڵ رێکەوتنەکانی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی سـەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان. وەهەروەها دەبێت جیاوازی نـەکرێت نێـوان رەگـەزەکان لـە کـاتی پلە بەرزکردنەوەو راهێنان پێکردن و تەندروستی و سەلامەتی سـەرەرای ئەمانـەش جیـاوازی نەکردن لە کۆتایی هێنان بەڕاژە و بیمەی کۆمەلآیەتی ئافرەتانی کرێکـار لـە گـەڵ پیـاوان وە هـەروەها دابینکردنـی پارێزگـاری یاسـایی دژی هـەر دەسـتدرێژییێکی سێکسـی و تـایفی بـۆ سەریان. وە چاودێری کرنی ئەم بابەتە بەشێوەیەکی رێك وپێك. وەهەروەها پێویستە گرنگی بدرێت بەو ئافرەتانەی کە کەم ئەنـدامن و لەهـەردوو کـەرتی گشـتی و تایبەتـدا وە راهێنـانی تایبـەتیان پێبکرێـت و بمێنـەوە لەسـەر کارەکانیـان وە بـەگوێرەی یاسـا پلەکـەنیان بـەرز بکرێتەوە بەبی هـیچ جیاوازیـەك. وە لەلایـەکی تـر ئامـاژە بـە کارئاسـانی کـردن دەکـات بـۆ ئافرەتـانی کۆچـبەر ئەوانـەی کـە بەڵگەنامـەی فـەرمیان هەیـە وەکـوو کۆچـبەر بـەگوێرەی

ڕێکەوتنامەی تایبەت کاروباری کۆچبەران ساڵی ١٩٥١[١]، ودانپیانان بە بەڵگەنامەی خوێندنی بیانیەکان ئەمەش لەڕێگای پەیرەوکردنی بەرنامەو پلانێکی دروست و تەواو بۆ ڕاهێنانی ئەو کەسانە بۆ بازاری کارکردن کە ڕاهێنان و خولی فێربوونی زمانیش لەخۆدەگرێت[٢].

ئامانجی شەشەم لە ئامانجە ستراتیجیەکانی کۆنگرەی ناوبراو بریتی بوو لە زیاتر گونجاندن لەنێوان بەرپرسیاریەتی کارکردن و خێزان لەنێوان ئافرەتان و پیاواندا. کەتیادا داوا لەحکومەتی ووڵاتان دەکات هەموو ڕێکارێکی پێویست بگرنەبەر بۆ گرتنەبەری سیاسەتی گونجاو بۆگەرەنتی کردنی ماف ئەوکرێکارە ئافرەتانەی کە کارەکانیان کاتیە یان وەرزیە یان ئەو ئافرەتە کرێکارانەی کەلەپرۆژەکانی ناومالّ کاردەکەن، ئەمەش لەڕێگای پاراستنی ئەم مافانە لەیاساکانی کارکردن و قەرەبوو کردنەوەیان و زامن کردنی بیمەی

---

[١] ماددەی (١/أ) لە ڕێکەوتنامەی کاروباری کۆچبەرا پێناسەی کۆچبەر دەکات و دەلێت(١- هەموو کەسێك بە کۆچبەر دادەنرێت بەگوێرەی ئەو تەرتیباتەی کە لە ١٢ی ئایاری ١٩٢٦ و ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٨ دا هاتووە یان بەگوێرەی هەردوو ڕێکەوتنامەی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٣ و ١٠ی شوباتی ١٩٣٨ و پرۆتۆکۆلی ١٤ی ئەیلولی ١٩٣٩ یان بەگوێرەی دەستووری ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران....وە سیفەتی کۆچبەر وەرناگرێ ئەگەرهاتوو ئەم مەرجانەی تیانەبێت کە لەخالّی دووەمدا هاتووە. ٢- هەر کەسێك بوونی هەبێت لە دەرەوەی دەوڵەتی رەگەزنامەکەی، لەئەنجامی ڕووداوێك کە پێش کانوونی دووەمی ١٩٥١ ڕوویدابێت بەهۆی ترسێکی کە لەوانەیە ڕووبەرووی قەلاچۆکردن و لەناوچوون ببێتەوە، بەهۆی نەژادەکەی(عرق) یا ئاینەکەی یا رەگەزنامەکەی، یان لەبەر ئەوەی سەر بە کەمینەیێکی کۆمەلأیەتی دیاریکراوە یان لەبەر ڕاوو بۆچوونی سیاسی. وە ناتوانێت یان حەزناکات بەهۆی بوونی ئەم ترسەوە لەژێر پارێزگاری دەوڵەتەکەیدا بمێنێتەوە. یان هەرکەسێك کە رەگەزنامەی نەبێت وە لەدەرەوەی ئەودەوڵەتەدا دەژی کە لێی نیشتەجێ بوو بەشێوەیەکی بەردەوام لەئەنجامی ئەم ڕووداوانە ناتوانێت یا ئارەزووی نیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ووڵاتە لەبەر هۆکاری ئەم ترسە) .ئەم ڕێکەوتنامە لە ٢٨ی تەموزی ١٩٥١ پەسەند کرا وە لەڕێکەوتی ٢٢ی نیسانی ١٩٥٤ کەوتە بواری جێبەجێکرن.

[٢] بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ماف کارکردنی کۆچبەران بەپێی ڕێکەتنامە نێودەوڵەتیەکان بڕوانە:د.احمد ابو الوفا، الحماية الدولية لحقوق الانسان في اطار منظمة الامم المتحدة و الوكالات الدولية المتخصصة، ط٢، دار النهظة العربية، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٧٠-٧١.

كۆمەڵایەتی، بۆئەوەی گونجاندێك و تەوافقێك دروست بێت لەنێوان بەرپرسیاریەتی كاركردن و بەپرسیاریەتی خێزان. وەهەروەها هاندان بۆ دابەشكردنی بەرپرسیاریەتی خێزان بەشێوەیەكی یەكسان، لەنێوان ئافرەت و پیاودا. وە دەبێت كار لەسەر ئەوە بكرێت بۆ گۆڕینی ئەو دابەشكردنەی كار لەسەر بنەمای رەگەز هەروەك بەخێوكردنی منداڵان و بەساڵاچووان[1].

## ٢- لێكەوتەی بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی بۆ پاراستنی مافی ئافرەتی كرێكار لە یاسای عێراقی

بەمەبەستی توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە وامان بەباشزانی كەئەم تەوەرەوە دابەش بكەین بۆ دووبەش لە یەكەمدا باس لە ڕەنگدانەوەی بنەما نێودەوڵەتیەكان دەكەین لە سەر دەستووری عێراقی، وە لەتەوەری دووەم باس لە ئاكارەكانی بنەما نێودەوڵەتیەكان بۆ پاراستنی مافی ئافرەتی كرێكار لەسەر یاسای نێوخۆی عێراقی :-

### ٢-١-ڕەنگدانەوەی بنەما نێودەوڵەتیەكان بۆ پاراستنی مافی ئافرەتی كرێكار لەدەستووری عێراقی ٢٠٠٥

دەستوور باڵاترین یاسەیە لەدەوڵەت، كە بەگەرەنیتەك دادەنرێت بۆ ملكەچبوونی دەسەڵاتی سیاسی بۆ یاسا، ئامرازێكە بۆ دروستكردنی تەوافوق لەنێوان دەسەڵات و ماف و ئازایەكان. كەهەندیك لەیاساناسان دەڵێن بریتیە لە كۆمەڵە بنەمایەك كەپەیوەستە بە ڕێكخستنی پیادەكردن و گواستنەوەی دەسەڵات و پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی، وەهەروەها پەیوەستە بە ماف و ئازادیە گشتیەكان لە كۆمەڵگادا، جا ئەگەر ئەم بنەمایانە لەناو بەڵگەنامەی دەستووردا هاتبێت یان لەدەرەوەی دەستوور هاتبێت.[2]كەواتە لەرێگەی

---

١بڕوانەئامانجی شەشەم لە بەڵگەنامەی كارەكانی كۆنگرەی پەكین ١٩٩٥(ئامانجە ستراتیجیەكان (واو))

[2]د.رمزي طه الشاعر، النظرية العامة للقانون الدستوري، مطابع دار السياسة، كويت، ١٩٧٢،ص٣٤ و د. ابراهيم عبدالعزيز شيحا، المبادىء الدستورية العامة، الدار الجامعية، بيروت، لبنان، ١٩٨٢،ص ١١.

دەقەکانی دەستووری هەر وولاتێك دەتوانرێ بزانرێ کەئایا ماف و ئازادیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر کراوە یان؟ وە دەتوانرێ بزانرێ ئایا سیستەمی حوکمرانی دیموکراسیە یا دکتاتۆریە[1] لەبەرئەوەی لەزۆربەی وولاتە دکتاتوریەکان بنەما نێودەوڵەتیەکان پێشێل دەکرێن و پشت گوێ دەخرێن، لەمانەش مافەکانی مرۆڤ .

دیارکەوت کە گرنگیدان بە ئافرەتان لە بەشداری کردنیان لە کارکردن لەگەڵ پیاواندا لەبوارە جیا جیاکانی ژیان داواکاریەکی بنەرەتی گەشەپێدانی مرۆییە لە هەر دەوڵەتێك کە خۆشگوزرانی تاکەکانی دەوێت،[2] وەلەبەر ئەوەی کارکردن بریتیە لەم هێز و توانایەی کەمرۆڤ دەیبەخشێت، بۆیە چەندێتی وچۆنێتی کار پەیوەندی بە بارودۆخی تەندروستی و جەستەیی و سایکۆلۆجیەت و شارەزای و لێهاتووی کەسی کرێکارەکەوە هەیە، جا چ پیاو بێت یان ئافرەت، بۆیە پێویستە بۆکرێکار بەشێوەیەکی گشتی و ئافرەتی کرێکاریش بەتایبەت بارودۆخێکی گونجاوی بۆ برەخسێنرێت بۆئەوەی بتوانێ تواناکانی پێشکەش بکات و داهێنان بکات لە کارەکەی.

بێگومان دروستکردنی ئەو کەشەگونجاوەی کارکردنیش لەرێگای گەرەنتیەیاسایەکانەوە دەبێت بۆئەوەی بتوانێ خزمەت بەکۆمەڵگا بکات. لەم روانگەیەوە دەبینین دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ کۆمەلێك گەرەنتی تیادایە بەمەبەستی زامن کردنی هەلی کار بەیەکسانی بۆ هەموو عێراقیەکان بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای رەگەز [3] ، وەك لەماددەی (١/٢٢) دا ئاماژە بە وە دەکات کە کارکردن مافە وە هیچ هاولاتیەکی عێراقی نابێت بێبەش بکرێت لەم مافە، وەلە خاڵی دووەمی هەمان ماددەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە دەسەڵاتی یاسا دانان یاسایەك دابرێژی و دەری بکات کە پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن کار رێك

[1] د. ابراهيم عبدالعزيز شيحا، المصدر السابق،ص٢٦.

[2] د.محمد ابو فارس، حقوق المرأة ،دار الفرقان، عمان، الاردن، ٢٠٠٠، ص٢٣ .

[3] مادەی (١٦) لەدەستووری عێراقی ٢٠٠٥ ( یەکسانی هەڵ مافێکی هەموو عێراقیەکانە،دەوڵەتیش رێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئەم مافە).

بخات لەسەر بنەمایەکی ئابووری بەلەبەر چاوگرتنی بنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی [1].
ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم ماددەیە ئەوەیە بەکارهێنانی چەمکی یا دەستەواژەی (لەبەرچاوگرتن (مراعاة) دەقا ودەق ناگونجێت لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی کەپێشتر باسمان کرد، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر ووشەی بەرقەرار بوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی نەوەك (بەلەبەرچاوگرتن) سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن کار.چونکە دادپەروەری یەکێکە لە چاکیەکان (فضائل) ئامانجی ئەوەیە کە ماف بدرێت بەهەموو خاوەن مافێك وە هەڵسانی هەموو کەسێك بەم ئەرکەی کە لەسەریەتی، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم ئامانجە جێبەجێ بوو ئەوا هەموو کەسێك مافی خۆی وەردەگرێت بەمەرجێك هەموو کەسەکان بەیەکسانی مافی داواکرنی مافەکانیان هەبێت وەیەکسانبن لە ئەنجامدانیدا. دادپەروەری چاکەکان لەخۆ دەگرێت و بنەمایەکی سەرەکیە بۆ بونیادنانی دەوڵەت لەپێناوی بەرقەرار کردنی بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تاکەکانیش بەتایبەتی [2]هەرچەندە لەماددەی(٢٧) ی دەستووردا هاتووە دەبێت مافی ئافرەتان زامن بکرێت لەکارکردن، بەواتایەکی تر ئافرەتانی کرێکار مافیان زامن کراوە لەدەستوور وە بەئارەزووی خۆیان دەتوانن جۆری ئەوکارەهەڵبژێرن کە دەیانەوێت بیکەن، وەهەروەها لە چوارچێوەی ئەم مافانەش مافی ئەوەیان هەیە کە قەرەبوو بکرێنەوە کاتێك تووشی پێکان دەبن وەهەروەها مافی هەموو جۆرەکانی مۆڵەت پێدان و بیمەی کۆمەڵایەتی ..هتد واتا هەموو ئەو مافانەی کە ئافرەتانی کرێکار بەپێی پیوەرو بنەماگشتیەکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی ئاماژەی پێکردوون پێویستە لەیاساکانی عێراقی بوونیان هەبێت هەروەك دواتر باسی دەکەین. لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی دەستوور ی وولاتان لەوانەش

---

١دەقی مادەی (٢٢) لەدەستووری عێراقی ٢٠٠٥ دەڵێ(یەکەم:کارکردن مافی هەموو عێراقیەکانە بەجۆرێك ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ مسۆگەر بکات. دووەم:یاسا پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن کار رێك دەخات لەسەر بنەمای ئابووری و بەرەچاوکردنی رێساکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.).

[2]د.حسن كيرة، المدخل الى القانون،بدون مكان، ١٩٧٠، ص١٥٧.

دەستووری عێراقی ناچێتە ناو ووردەکاری مافەکان، بەڵکو جێ هێشتووە بۆ دەسەڵاتی یاسادانان کە دواتر بە یاسا رێك دەخرێت..

سەبارەت بە پێکهینان و دامەزراندنی سەندیگاکانی کرێکاران زۆر بەراشکاوی ئەم مافەی داوە بە کرێکاران لەمانەش ئافرەتی کرێکار بەلاَم هەروەك لەپێشووتر باسمان کرد رێکخستن و چۆنیەتی کارکردنی ئەم سەندیکایانەو رادەی فەراهەم کردنی ئازادیە گشتیەکان تیایاندا تا چەند دەتوانن بەرژەوندی کرێکاران بەگشتی و ئافرەتانی کرێکار بەتایبەتی بپارێزێت ئەمانە هەموو بەجێ هێشتراوە بۆ دەسەڵاتی یاسادانان کە یاسایێك دەربکات بۆ ئەم مەبەستە[1].

جێگای ئاماژە پێکردنە دەستووری عێراقی بەڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەکات کەدەوڵەت زامنی هاندانی وەبەرهێنان دەکات لە کەرتە جیاجیاکان بەبێ ئەوەی جیاوازی بکات لە نێوان ئایا وەبەرهێنانی خومالَی یان بیانیە مەبەستی، بەلاَم لێرەدا دەتوانین بلێین لەبەر ئەوەی ووشەی وەبەرهێنان لێرەدا بەڕەهای هاتووە کەواتە هەردووجۆری وەبەرهێنان دەگرێتەوە، پالَپشت بەم بنەمایەی کە دەلَێ ڕەهایی لەسەر ڕەهایەکەی دەمێنێتەوە ئەگەرهاتوو دەقێك نەبوو کە پێوەندی بکات[2]. هەروەها بەڕوونی لە ماددەی( ٢٩/ب) ی دەستووردا هاتووە کە دەوڵەت زامنی پارێزگاری کردنە لە دایکان و منداڵان و بەسالاَچووان دەکات [3]،، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوون ئاشکرایە کە پێویستە هەموو ئەومافانەی کە لە ڕێکەوتنامە نێودەولَەتیەکان ئاماژەی پێکراوە فەراهەم بکرێن لەرێگەی دەرکردنی یاسای کار و بیمەی کۆمەلاَیەتی لەلایەن یاسادانەری عێراق کە دەستەبەری هەموو مافەکانی ئافرەتانی کرێکار

[1] دەقی مادەی (٣/٢٧) لەدەستووری عێراقی ٢٠٠٥ (سێیەم: دەولَەت ماف پێکهێنانی ڕێکخراو و یەکیەتیە پیشەییەکان و بوون بەئەندام تیایدا دەپارێزێت، ئەمەش بەیاسا ڕێك دەخرێت).

[2] المطلق يجری على اطلاقة مالم يوجد نص يقيده

[3] دەقی ماددەی ( ٢٩/ب) لەدەستووری عێراقی ٢٠٠٥ (ب–دەولَەت پاراستنی دایکایەتی و منداڵ و پیر لەئەستۆ دەگرێت و سەرپەرشتی تازە پێگەیشتوان و لاوان ودەکات و هەلَ و مەرجی گونجاویان بۆ دەرەخسێنێت بۆ گەشەدان بەتواناو لێهاتووییەکانیان).

بكات هەروەك، مۆڵەتی ئاسایی و دایكایەتی و دابین كردنی شوێنی گونجاو بۆ ئافرەتانی كرێكار لەو شوێنەی كەكاری تیادادەكات، وەهەموو ئەومافانەی تریش كە پێوەرە نێودەوڵەتیەكان ئاماژەیان پێكردبوو وەك لەپێشووتر ئاماژەمان پێكرد، بەمەبەستی ئەوەی تاوەكوو یارمەتیدەر و كارئاسانی بێت بۆ ئافرەتی كرێكار بتوانێ سەرەڕای ئەركی خێزانداری ماڵەوە بتوانێ لەشوێنی كاركردنیش بەسەركەوتووی كارەكەی ئەنجام بدات. لەلایەكی تر لەهەمان مادده ئاماژە بە مافی چینەكانی تری كۆمەگا دەكات هەروك منداڵان و بەساڵاچوان كە پێویستە مافەكانیان پارێزراو بێت[1].

وەهەروەها لەماددەی (١/٣٠) ئاماژە بە دەستەبەر كردنی چاودێری كۆمەڵایەتی دەكات بۆ ئافرەتان و منالان بۆئەوەی بتوانن بەژیانێكی ئاسوودە بژین ئەمەش لەرێگای دابین كردنی داهاتێكی گونجاو وشوێنێكی گونجاو بۆیان[2]. وەهەروەها دەستەبەركردنی چاودێری تەندروستی بۆ ئەم چین و توێژانەی ناو كۆمەڵگای عێراقی.[3] وە تێبینی ئەوەدەكرێت سەبارەت بە كاركردنی كرێكاران بەشێوەیەكی گشتی بەئازادانە مافی ئەوەیان هەیە لەهەرێمی كوردستان یان لەهەر پارێزگایێكی تری عێراق بەئارەزووی خۆیان كاربكەن و بەبێ هیچ جورە رێگریەك. وە لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەت ئازادی گواستنەوە بۆ شمەك و

---

[1] دەقی ماددەی ٢/٣٠) لەدەستووری عێراقی ٢٠٠٥ دەڵێ : (دووەم:دەوڵەت چاودێری كۆمەڵایەتی بۆ عێراقیەكان دابین دەكات لەكاتی پیر بوون و نەخۆشی و بێتوانایی كاركردن و ئاوارەبوون و هەتیوكەوتن و بێكاریدا ....هتد).

[2] دەقی ماددەی (١/٣٠) لەدەستووری عێراقی ٢٠٠٥ دەڵێ (یەكەم:دەوڵەت چاودێری كۆمەڵایەتی و تەندروستی دابین دەكات بۆ تاك و خێزان بەتایبەت منداڵ و ئافرەت لەگەڵ بنەما سەرەكیەكانی ژیانێكی ئاسوودە.....هتد).

[3] دەقی ماددەی (١/٣١) لەدەستووری عێراقی ٢٠٠٥ (یەكەم: هەموو عێراقیەك مافی چاودێری تەندروستی هەیە و دەوڵەت گرنگی دەدات بە تەندروستی گشتی و پێداویستیەكانی خۆپارێزی و چارەسەر كردن دابین دەكات لەرێگای بونیادنانی نەخۆشخانەو دام و دەزگای تەندروستی جۆراو وجۆرەوە).

سەرمایەداران دەستەبەردەکات لەنێوان هەموو پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق[1].

هاوشانی رێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان و کۆنگرەی پەکین ی١٩٩٥ دەستووری عێراقی ئاماژە بەهەموو جۆرە توندو تیژیەك دەكات كە دژی ئافرەتان دەکرێت یاخود ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە جا لەناو خێزان بێت یان لەشوێنی کارکردنیان[2].

لەمانەی سەروە بۆمان دەردەکەوێت کە دەستووری عێراقی سەرەڕای ئەوەی کە چەندین کەلێنی یاسای تێدایە [3]، بەلاّم دەتوانریٚ بگوترێت بەشێوەیەکی گشتی دەستبەری زۆربەی مافەکانی ئافرەتانی کرێکاری کردووە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان وە تا رادەیەکی زۆر هاو ڕێك و هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجەکانی کۆنگرەی پەکین. بەلاّم زۆر جار یاسادانەر بۆ ڕازی کردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستوورەکان دەرازێنەوە بە دروشمی بریقەدار و هاوشێوەی جارنامەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ بەلاّم لەکۆتای هەردەقێکدا کۆتبەند دەکرێت بە دەستەواژەی رێك دەخرێت بەیاسا[4]، هەرچەندە هیچ نارەزایەکمان نیە لەبوونی ئەم دەستەواژەیە، بەلاّم گرفت لێرەدا درووست دەبێت کاتێك ئەم دەستەواژەیە لەدەقەدەستووریەکان دەبێتە بەهانەیەك بۆ دەسەڵاتی یاسادانان، وە یاساکان دادەرێژن بەڕاو بۆچوونی خۆیان بەبێ لەبەر چاو گرتنی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، وە ئەو ماف و ئازادیانە کوت بەند دەکات کە بە دەقنووس

[1] بڕوانە دەقی ماددەی (٢٤) لە دەستووری عێراقی٢٠٠٥(دەوڵەت ئازادی گواستنەوە بۆکرێکار و شمەك و سەرمایەداران دەستەبەر دەکات لەنێوان هەرێم و پارێزگاکاندا، ئەمەش بەیاسا ڕێك دەخرێت).

[2] بڕوانە دەقی ماددەی(٢٩/چوارەم)لە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ کەتیایدا هاتووە( رێگە نادرێت بەگرتنەبەری بەگرتنەبەری شێوازەکانی توندوتیژی و ستەم لەخێزان و قوتابخانەو کۆمەڵگا).

[3] بدورزكي أحمد والاخرون،مأزق الدستور (نقد وتحليل)، معهد الدراسات الستراتيجية،–العراق، بغداد، ٢٠٠٦، ص٨.

[4] زیاتر لە ٥٠ ماددەی دەستووری جێبەجێ ناکرێ بەیاسایەکی تایبەت نەبێت ئەمەش کۆششێکی زۆری دەوێت بگرە چەندین ساڵ دەخایەنێت.سەرچاوەی پێشوو،ص٩.

لەدەستووردا هاتووە[1].وە بۆئەوەی بزانین ئایا یاسادانەری عێراقی لە یاسای کارو بیمەی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەویاسایانەی کە پەیوەستن بە مافەکانی ئافرەتانی کرێکار، ئەوکۆت وبەندەی داناوە لەسەر ئەم مافانەی کە پێویستە هاوشێوەی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بێت؟ ئەوا لەم بەشەی دواتر شی دەکەینەوە راڤەی دەکەین.

## ٢-٢- ئاکارەکانی بنەما نێودەوڵەتیەکان بۆ پاراستنی مافی ئافرەتی کرێکار لەسەر یاسای نێوخۆی عێراقی.

جێگای باسکردنە مافەکانی ئافرەتانی کرێکار لەسەر ئاستی ناوخۆی پاش هەوڵ تەقلایەکی زۆری مرۆڤایەتی و رێکخراوەکانی ئافرەتان لەسەر ئاستی ناوخۆی و نێودەوڵەتی هاتوتە کایەوە تاوەکوو گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ئەو داواکاری و بانگەوازانە لەبەڵگەنامەی نێودەوڵەتی رێك بخرێن و بەهایەکی یاساییان هەبێت بەپێ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی. وەگومانی تیدا نیە کە ڕێکەوتنامە و پەیمانامە نێودەوڵەتیەکان یەکێکە لەسەرچاوەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی، وە لەسەر ئاستی نێوخۆی و نیشتمانیش دەبنە سەرچاوەی بالآترین یاسای ناوخۆی وولآتان کە دەستوورە. هەربۆیە ئەو یاسایانەی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانی هەردەوڵەتێك دەردەکرێت پێویستە رەنگدانەوەی دەستوورو بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی بێت. بەواتایەکی پێویستە کاریگەری ئەم بنەما نێودەوڵەتیانە بەڕوون و ئاشکرا بەدی بکرێت لە یاسای ناوخۆیدا، بە پێچەوانەوە دەبێتە پێشێل کردنی مافەکان. هەروەك لەهۆکارە ئایەتیەکانی(ئیجابیەکانی) یاسای کاری نوێ عێراقی دا هاتووە کەبۆجەخت کردنەوە لەسەر ئەو پرەنسیپانەی لەدەستووری عێراقی ٢٠٠٥ دا هاتووە کە کارکردن مافی هەموو عێراقیەکە بۆئەوەی ببێتە زامنکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ تاکەکان، دەوڵەت هەوڵدەدات بۆ فەراهەم کردنی فراونکردنی پانتای گەرەنتیەکانی کۆمەڵایەتی و یاسایەك کە پەیوەندی نێوان کرێکاران و خاوەن کار رێك بخات لەسەر

[1] د. جبار صابر طه، مصدر سابق، ص٢٦٩.

بنەمایەكی ئابووری وەهەر دەوڵەتیش زامنـە بـۆ مـافی دامەزرانـدنی سـەندیگاكان و یەكیەتیـە پیشەیەكان و پەیوەنیكردن و بوون بەئەندام تیایاندا، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی كـە عێـراق پەسـەندی زۆر لـە ڕێكەوتنامـەكانی كـاركردنی كـردووە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی وولآتانی عەرەبی. وەهەروەها لەبەرئەوەی یاسای كاری عێراقی هەڵوەشاوەی ژمـارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ [1] نەدەگونجا لەگەڵ بارودۆخی ئێستاو دژواریەكی هەبوو لەگەڵ زۆر لە پێـوەرە نێودەوڵەتیەكان بۆیە دەوڵەتی عێراقـی بـۆ ئـەم مەبەسـتە یاسـای كـاركردنی ژمـارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠١٥ی دەركرد[2].

یاسـای كـاركردنی عێراقـی ژمـارە(٣٧)ی سـاڵی ٢٠١٥ تـا ڕادەیـەكی زۆر ئەوكەلێنـە یاسایانەی لەیاسای پێشووتر هەبوون پڕی كردنەوە، بە یەكلایی كرنەوەی ئەو چەمكانەی كە لەیاسـاكە بـەكارهاتوون. هـەروك لـە فەسـڵی یەكەمـدا لـەماددەی (١/شەشـەم) تیاداهـاتووە كەمەبەست لە كرێكار (هەموو كەسێكی سروشتی یە نێر بێت یان مـێ..)[3]، وە سـەبارەت بـە دیاریكردنی كرێكاری هـەرزەكار لەهـەمان مـاددەی پێشـووتر لـە برگـەی(٢٠) دەڵـێ (هـەموو كەسێك نێر بێت یان مێ گەیشـتبێتە ١٥ سـاڵ لەتەمـەن وە هـەژدە سـاڵی تـەواو نـەكردبێت) لێرەدا نیەتی یاسادانار زۆر ڕوون نیە ئایا مەبەستی ئەوەیە لەناو تەمـەنی پـانزە سـاڵی بێـت یان پانزە ساڵی تەواو كردبێت وەباشتر وابوو دەقەكە بەم شیوەبوایە (...پانزە ساڵی تـەواو كردبێـت...)[4]. یـاخود یاسـادانەر بـەرای ئێمـە باشـتر وابـوو بیگۆتبایـە لەئەسـڵ كـاركردنی

[1] ئەم یاسایە هەڵوەشایەوە بە ماددەی (١٧٢) لە یاسای كاری عێراقی ژمارە (٣٧) ساڵی ٢٠١٥

[2] بەبریاری ژمارە(٤٠) پاش پەسەند كردنی پرۆژە یاساكە لەلایەن دەسەلاتی یاسادانان پاڵپشت بەبەندی یەكەم لە ماددەی (٦١) و بەندی دووەم لە مادەی(٧٣) ی دەستووری عێراقی سەرۆكی كۆماری عێراق لە ٢٠١٥/١٠/١٩ واژووی لەسەر كرد و دەكرا. وە یاساكە لە ١٧٤ مادە پێك دێت، وە پاش ٩٠ رۆژ لەبەرواری بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی دەكەوێتە بواری جێبەجێكردنەوە.بڕوانە :الوقائع العراقیە، العدد(٤٣٨٦) فی ٢٠١٥/١١/٩

[3] بدور زكي احمد والاخرون، مصدر سابق، ص٩٤-٩٧ و ص٢٥٢ .

[4] لەمادەی (٢١/١) یاسای كاری ژمارە (٣٧) ی ٢٠١٥ ئاماژە بە منداڵ دەكات و دەڵێ(منداڵ: هەر كەسێكە كە تەمەنی نەگەیشتبیتە (١٥) ساڵ. بەڵام دەبێ ئەوە لەبیر نەكەین كە لەرووی یاساییەوە جیاوازی هەیە

هەرزەکاران قەدەغەیە بەلأم بەرپیزپەر دەکریٚ ئەوەی پانزە سالْی تەواو کردوە کار بکات بە رۆژ وە ئەوەی هەڤدە سالْی تەواو کردوە دەتوانی بەرۆژو شەو کار بکات بەپیٚ مەرجەکانی کە لەم یاسایەدا هاتووە. وەهەمان ناڕوونی و نادیاری بەئاشکرا لە ماددەی (٧) دووبارە بۆتەوە[1].وەهەر لەهەمان ماددەی سەروە لە برِگەی (٢٥و ٢٦) چەمکی جیاکاری پیٚناسە دەکات دەلْیٚ،جیاوازی راستەوخۆ بریتیە لە، لەیەك جیاکردنەوە یان دوورخستنەوە یان تەفزیل کرن لەسەر بنەمای ئیتنیك یا یارِەگەز یا ئاین یا مەزهەب یا راو بووچونی سیاسی یان بنەچە یان نەتەوە) وەهەروەها جیاوازی ناراستەوخۆ بریتیە لە ( هەر جیاوازی دورخستنەوە یا تەفزیل لەسەر بنەمای رِەگەزنامە یا تەمەن یا باری تەندروستی یا باری ئابووری یا باری کۆمەلأیەتی یا ئینتماکردن و چالاکی لە سەندیگاکان کە لە ئاکارەکانی ببیٚتە هۆی پوچەلْ یا سست بوونی پەیرەوکردنی یەکسانی لە هەلی کار یا یەکسانی لە مامەلْەکردن لەبەکارهیٚنان و پیشە).

جیٚگای ئاماژە پیٚکردنە لە ئامانجەکانی ئەم یاسایەدا هاتوو کەدادپەروەری کۆمەلأیەتی و یەکسانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە گشتی یەکان بەرقەرار بکات بۆ کریٚکاران و هەموو ئەو

---

لەنیٚوان مندالْ و هەرزەکار.هەروەك ئەم جیاوازیە بەروون ئاشکرا دەردەکەویٚت لەیاسای چاودیٚری هەرزەکاران کە دەلْیٚ هەرزەکار ئەو کەسەیە کە (٩)سالی تەمەنی تەواو کردوەو (١٨) سالی تەواو نەکردوە بەگویٚرەی مادەی (٢/٣) لەیاسای چاودیٚری هەرزەکاران ی ژمارە (٧٦) سالی ١٩٨٣، کەواتە ئەوکەسەی (٩) سالی لەتەمەنی تەواو نەکردوە بەمندالْ دادەنریٚت لە مەسەلە سزاییەکان. وە هەرزەکارانیش پۆلیٚن دەکریٚن بۆ دوو جۆر:

١- (الصبی) ئەو کەسەیە کە کە نۆ سالْی تەواو کردوەو نەگەیشتۆتە پانزە سالْ

٢- (الفتی) ئەو کەسەیە کە پانزە سالْی تەواوکردوەو نەگەیشتۆتە هەژدە سالْ.

بەلأم لەیاسای کار هەروەك ئاماژەمان پیٚدا هەرزەکار ئەو کەسەیە کە پانزە سالْی تەواو نەکردوە ئەمەش پیٚچەوانەی مانای هەرزەکار دیٚت لە یاسای چاودیٚری هەرزەکاران. کەواتە لیٚرەدا جیاوازی (٩) سالْ دەبینریٚت لەنیٚوان ئەم دوو تیٚگەیشتنە یاخود ئەم دوو دەستەواژەیە.

[1] ماددەی (٧) لە یاسای کاری ژمارە(٣٧)سالْی ٢٠١٥ بەدەق هاتووە( نزمترین ئاستی تەمەن بۆکارکردن (١٥) پانزە سالْە).

حوکمەکانی ڕێکەوتنامەکانی کاری نێودەوڵەتی و عەرەبی جێبەجێ بکات ئەوەی دەوڵەتی عێراق پەسەندی کردوون[1].کە واتە ئەم یاسایە پابەند نەبووە بەهەموو ئەو پێوەرە و بەڵگەنامە نێودەوڵەتیانەی کە داکۆکی لەمافی ئافرەتی کرێکار دەکات، بەڵکوتەنها پابەندە بەو ڕێکەوتنانەی کە دەوڵەتی عێراقی پەسەندی کردوون ئەویش تەنها بەم بڕگانەی کە هیچ تەحەفوزێکی لەسەر نەبووە.[2] بەواتایەکی تر، پێویستە ئەم یاسایە هەموو ئەم مافانە فەراهەم بکات کە لە پەیمانامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسیەکان و پەیمانەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەلأیەتی روشنبیریەکاندا١٩٦٦ هاتووە ، وەلەهەموو ئەو ڕێکەتنامانەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی دەریکردوون و دەوڵەتی عێراقیش پەسەندی کردوون[3]. وەلەلایەکی تر ئەم ماددەی سەرەوە پێچەوانەی ئەو پرنسیپ و

[1]بڕوانە ماددەی (٢) لە یاسای کارکردنی ژمارە (٣٧) ی ساڵی ٢٠١٥ ی عێراقی

[2]دەوڵەتی عێراقی واژووی لەسەر چەند ڕێکەوتنامەیەك کردووە سەبارەت بە ئافرەتان لەوانەش: ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازیەکی ڕەگەزی دژی ئافرەتان کە پەسەندی کردوە بەیاسای ژمارە (٩٤)ی ساڵی ١٩٧٥، وە ڕێکەوتنامەی ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە جیاوازیەك دژی ئافرەتان بە یاسای ژمارە(٦٦) لە ساڵی ١٩٨٦ وە تەحەفوزی خۆی نواندوە لە سەر هەردوو بڕگەی(ج) لەماددەی (٢) کە باس لە پارێزگاری یاسای مافی ئافرەتان دەکات بەشێوەیەکی یەکسان لەگەل پیاواندا وەهەروەها گەرەنتی کردنی پارێزگاریەکی کاریگەر لەرێگای دادگاکانی تایبەتمەند، وەهەروەها تەحەفوزی لە بڕگەی (و) ی هەمان ماددەکردووە کەباس لە گرتنەبەری هەموو ڕێکاریکی گونجاوە لەوانەش دەکردن یان هەموارکردنی یان ڕەت کردنەوەی هەر یاساو ڕێنماییێك و عورفێك وە هەر هەڵس وکەوتێکی تر کە دەبێتەهۆی جیاکاری دژی ئافرەتان.سەرەرای تەحەفوزکردنی لەسەر چەند مادەیەك و بڕگەیەکی تر کە پەیوەندی بەباسەکەمانەوەنیە بۆیە باسی ناکەین.

[3]دەوڵەتی عێراقی هەردوو پەیمانامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان و تایبەت بە مافە ئابوری کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری پەسەند کردووە لەساڵی ١٩٧١. وە ڕێکەوتنامەی کارکردنی عەرەبی ژمارە (١٩)ی ١٩٨٨کە لەساڵی ٢٠٠١ پەسەند کرا لەعێراق وەسەبارەت بە ڕێکەوتنەکانی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیش کە عێراق ئەندامە تیایدا، ئەانەی خوارەوەی پەسەند کردوون:

ڕێکەوتنامەی ژمارە(٩٥) تایبەت پارێزگاری لەکرێ ،عێراق پەسەندی کرد لەساڵی (١٩٦٠)

ئامانجانەیە کە لەکۆنگرەی پەکین دەرکران و جەختی لەسەر کرایەوە کە دەبێت یاساکانی ناوخۆی وولآتان ئەم رێو شوێنانە بگرنەبەر بۆ بەرجەستەکردنی مافەکانی ئافرەتی کرێکار.

سەبارەت بەکرێ کرێکاران جێگای سوپاسە کە یاسادانەر لە ماددەی (٥٥) خاوەنکاری قەدەغەکردوە لەوەی کە بتوانێ کوت و بەند بهاوێتە سەر چۆنیەتی سەرف کردنی ئەو کرێیەی کە کرێکار وەری دەگرێت وە هەروەها نابێت خاوەن کار زور لەکرێکارەکان بکات کە ئەو بەرهەمەی ئەم کارگەیە بەرهەمی دەهێنێت یان ئەو کۆمپانیایە هاوردەی دەکات دەبێت کرێکارەکان ئەو بەرهەمانە بکرن، وە لەماددەی (٥٦) هەموو جۆرە لێخۆشبونێك لەکرێ کرێکار بە پوچەڵ دادەنێت وە ئاماژە بەوەش دەکات کە ناتوانرێ دەست بەسەر کرێی کرێکاران دابگیرێ تەنها لەرێگەی حوکمێکی دادگایەوە نەبێت.ویاسا دانەر لێرەدا سەرکەوتوو بوە بەلأم ئەوی جێگای سەرنجە ماددەی (٥٧) ی ئەم یاسایەیە کە باس لە حاڵەتەکانی بڕینی کرێی کرێکاران دەکات کەئەوەی جێگای ئاماژە پێکرنە برگەی دوو ی ماددەی (٥٧) دا هاتووە کە نابێت کۆی ئەو برە پارەیەی لە کرێی کرێکار دەبڕدرێت لە ٢٠٪ زیاتر بێت، ئەگەر هاتوو ئەو کرێیەی وەری دەگرێت کەمتر بێت لەسێ بەرامبەری یاخود سێ ئەوەندی کەمترین ئاستی کرێ، وە ٣٠٪ دەبڕدرێت لەکرێی کرێکار ئەگەر ئەوکرێیەی کرێکارەکە کە وەری دەگرێت زیاتر بوو لە سێ ئەوەندەی نزمترین ئاستی کرێ[1].هەرچەندە نزمترین ئاستی

ڕێکەوتنامەی ژمارە(٩٨)ساڵی ١٩٤٩ی تایبەت بەرێکخستنی سەندیگاکان و دانوستاندنی بەکۆمەڵ ،عێراق پەسەندی کرد لەساڵی ١٩٦٢

هەردوو ڕێکەوتنامەی ژمارە( ١٠٠) ی ساڵی ١٩٥١و١١١) کە تایبەتن بە نەهێشتنی جیاوازی لەوەرگرتنی کار،عێراق پەسەندی کرد لەساڵی (١٩٦٣ و ١٩٥٩ لەدوای یەکتر).

هەردوو ڕێکەوتنامەی ژمارە (٢٩ و ١٠٥) تایبەت بەکاری کارکردنی بە زۆرە ملێ و سوخرە ،عێراق پەسەندی کرد لەساڵی (١٩٦٢ و ١٩٥٧ لەدوای یەکتر).

هەردوو ڕێکەوتنامەی ژمارە ( ١٣٨ و١٨٢) کە تایبەتن بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی منداڵان و قاسر ،عێراق پەسەندی کرد لەساڵی (١٩٨٥ و٢٠٠١ لەدوای یەکتر).

ڕێکەوتنامەی کارکردنی نێودەوڵەتی ژمارە(١٧٢)ی ساڵی ١٩٩١کە عێراق لەساڵی ٢٠٠١ پەسەندی کرد.

[1] بڕوانە دەقی مادەی (٥٧) لە یاسای کارکردن ژمارە(٣٧)ساڵی ٢٠١٥

کرێی کرێکاران زیاد کرا لـە (٢٥٠)هـەزار بـۆ(٣٥٠) هـەزار دینـاری عێراقـی[١]، لەگـەڵ ئەمەشـدا دەتوانین بڵێین یاسادانەر لەم برگەیەدا رەچاوی بـاری ئـابووری و بـژێوی رۆژانـەی کرێکـاری عێراقی نەکردووە لەبەر ئـەوەی ئـەم بـڕەی کـەداینـاوە زۆرە و لەگـەڵ واقعـی ئـەمرۆی بـاری دارایـی هاولاتیـانی عێراقـی ناگونجێـت وە ئەگـەر بـەراوردی بکـەین لەگـەڵ رێکەوتنامـەی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (١٣١) تایبەت بـە کـەمترین ئاسـتی کـرێ ژمـارە (٥٧)ی سـاڵی ١٩٧٤ کە عێراق پەسەندی کردووە ئـەوا پێشـێل کاریـەکی روون و ئاشـکرای دەقـەکانی ئـەم رێکەوتنامە بەدی دەکرێت لەم برگەیـەی سـەرەوەدا وە لەلایـەکی تـر پێشـێلی ئامانجـەکانی کۆنگرەی پەکینیشە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکـات ئـافرەتی کرێکـار دەبێـت ئـەو کرێیـەی وەری دەگرێت بەشی ئەوە بکات کـە خـۆی و خێزانەکـەی بـە سـەربڵندی و ئاسـوودەیی پـێ بژین.

جێگای ئاماژە پێکردنە، یاسای کارکردنی ژمارە (٣٧) ساڵی ٢٠١٥ بەمەستی گرنگیـدان بە مافی ئافرەتانی کرێکار فەسڵێکی لە یاساکە تەرخان کردوە لە ژێر ناونیشـانی (پارێزگـاری ئـافرەتی کرێکار).هـەروەك لـە مـاددەی (٨٤) خـاوەن کـار پابەنـد دەکـات بـە هەڵواسـینی وێنەیـەك لــە ئەحکامــەکانی پارێزگـاریکردن لەمافــەکانی ئافرەتـانی کرێکـار لــە تـابلۆی ئاگادارکردنەوە لە شوێنی کارکردن، ئەمەش لەخۆیدا دەبێتە کارئاسانی کـردن و شـەفافیەت بۆ ئـەوەی ئافرەتـای کرێکـار مـاف و ئەرکـەکانی خـۆی بزانێـت[٢] . جێگـای ئامـاژە پێکردنـە بەمەبەسـتی پارێزگـاری کـردن لـە سـەلامەتی و تەندروسـتی ئـافرەتی کرێکـار یاسـای کـار قەدەغەی کردووە کە ئافرەتانی دووگیـان و شـیردەر ناچـاربکرێن بـۆ ئەنجامـدانی کـارکردنی زێدەکی یان هەرجۆرەکارێکی تر کە ئەگەر لایەنی تایبەتمەند بەتەندروستی بەزەرەر و زیـانی هــەژمار بکــات لەســەر تەندروســتی ئــەم ئافرەتــە یــان لەســەر منداڵەکــەی، وەهــەروەها

[١]بڕوانە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی ژمارە(١٧٨) ی ساڵی ٢٠١٣ کە پاڵپشت بە حوکمەکانی مادەی (٦٣/بەندی دووەم) لەیاسای کاری عێراقی ژمارە (٣٧) ساڵی ٢٠١٥ دەرکراوە وە تیایدا هاتووە ئەم بڕیارە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە لە ١/کانوونی دووەمی ٢٠١٨.

[٢]بڕوانە دەقی ماددەی (٨٤) لە یاسای کارکردن ژمارە(٣٧)ساڵی ٢٠١٥

قەدەغەکردنی بەکاربردنی یاخود بەکارخستنی ئافرەتانی کرێکار لەم کارانەی کە زیان بەتەندروستیان دەگەیەنێت و زەحمەتە یاخود قورسە بۆیان[1]. کە ئەمەش بە کارێکی ئایەتی دادەنرێت لەبەر ئەوەی هاو رێکە لەگەڵ ئامانجەکانی کۆنگرەی پەکین و بنەما نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی ئافرەتانی کرێکار لەسەر ئاستی جیهان.

سەبارەت بەکارکردنی شەوانە هەروەك لە ماددەی (٨٦) دا هاتووە،ئافرەتان قەدەغەکراون لەکارکردن تەنها لەچەند حاڵەتێك نەبێت کە شێوەی کارەکە وا پێویست بکات، وەك بەهۆی هێزا هێزیٚ(القوة القاهرة) یان لەکاتی خراپ بوونی ئەوبەرهەمانەی کە زوو تێك دەچن دەبیٚ کرێکارەکە بەشەو بمێنێتەوەو کار بکات. وە لەبڕگەی دووەمی هەمان ماددەی پێشوودا ئاماژە بە کاتژمێرەکانی پشوودانی ئافرەتانی کرێکار دەکات کە ڕۆژانە نابێت لە (١١)کاتژمێری بیٚ پچڕان و لەدوای یەك کەمتر پشوویان هەبیٚ، وە لەم ماوەیەشدا نابیٚ شەوانە لە (٧) کاتژمێر کەمتر بیٚ کە لە (٩)ی شەو تا (٦) ی بەیانیە. وەهەر لەهامان ماددەی سەرەوە لەبڕگەی سێەم ، دەڵیٚ ئەم ماددەیە ئەو ئافرەتە کرێکارانە ناگرێتەوە کە کاری کاگێری و بازرگانی دەکەن وە خزمەتگوزاری تەندروستی و خۆشگوزەرانی و گواستنەوە و گەیاندن پێشکەش دەکەن. بەواتایەکی تر دەتوانریٚ ئەو ئافرەتانە بەشەوانە کار بکەن کە لەم شوێنانەی لەسەرەوەدا باسمان کرد. وە سەبارەت بە موڵەتی ئافرەتی کرێکار مافی ئەوەی هەیە کە (١٤) هەفتە موڵەتی سکپڕی و منداڵبوون وەرگرێت لەساڵێکدا وە بە مووچەی تەواو. وە بۆی هەیە (٨) هەفتە پێش منداڵبوون ئەم موڵەتە وەربگریٚ، ئەگەر منداڵبوونەکەی دواکەوت دەبێت موڵەتەکەی بو درێژبکرێتەوە تاکاتی منداڵبوونی، وەدوای منداڵبوونەکەشی پابەندە بەوەی کە (٦) هەفتەی تر موڵەتی پێبدریٚ و نابێت کەمبکرێتەوە. وە پزیشکی پەیوندار ، دەتوانیٚ بریار بدات ماوەی موڵەتی منداڵبوون بەگشتی زیاد بکات بۆ (٩) مانگ، بەڵام تێپەر نەکات لەم ماوەیە، ئەگەر هاتوو دۆخی ئافرەتە دووگیانەکە پێویستی پێهەبوو. وە لەهەموو حاڵەتەکان ئافرەتی کرێکار مافی ئەوەی

---

[1] بڕوانەمانە ماددەی (٨٥) لەیاسای کارکردن ژمارە(٣٧) ساڵی ٢٠١٥.

هەیـە لـە کۆتایهـاتنی مۆڵەتەکـەی بگەڕێتـەوە سـەر کارەکـەی پێشـووی یـان هاوشـێوەی، بەهەمان کرێی پێشوو[1]. وەهەروەها بۆی هەیە مۆڵەتی بـەبێ مووچـە وەربگـرێ کـە لەسـاڵێك تێپەڕ نەکات بۆ چاودێری کردنی منداڵەکەی، بەمەرجێ تەمـەنی مناڵەکـەی لـە سـاڵێك تێپـەر نەبووبێ، وەلێرەدا گرێبەستی کارکردنەکەی بەوەستاو (موقوف) دادەنرێت لـەم ماوەیـەدا[2]. بەلأم ئەگەر بـەدیار کـەوت ئـەم ئافرەتـە بەرامبـەر کـرێ کـار دەکـات لای کەسـێکی تـر ئـەوا خـاوەن کارەکـەی دەتـوانێ داوای لێبکـات بگەڕێتەوەسـەر کارەکـەی وە بەپێچـەوانەوە گرێبەستەکەی هەڵدەوەشێتەوە[3]

بەمەبەستی پاراستنی ماف منداڵان و دایکایەتی یاساکە لـەماددەی (٩١/یەکـەم) ڕێگـەی داوە کە ڕۆژی دووجار بەمەرجێ لە کاتژمێرێك تێپەر نەکات، ئافرەتی کرێکـار شـیر بـدات بـە منداڵەکەی وەئەم ماوەیەشی بەماوەی کارکردن بۆهەژمار دەکرێـت. وە لـە برگـەی دووەمـی هەمان ماددەی سەرەوە دا هاتووە ئەگەر ئەم ئافرەتە کرێکارە مناڵێك یان زیاتری هەبوو وە نەخۆش بـوو کـە لـە (٦) سـالّ بچـووکتر بـوو، وە پێویسـتی بەچـاودێری بـوو مناڵەکـە، ئـەم ئافرەتە دەبەخشرێ لەکارکردن بۆماوەی سێ ڕۆژ بۆهەر حاڵەتێك کە پێویست بکات. وە ئەم ماوەیەی بەبێ مووچە بۆ هەژمار دەکرێت. لێرەدا ناڕوونیەك بەرچاو دەکەوێ کە نـازانرێ ئایـا مەبەستی یاسا دانەر چیە سەبارەت بەو ئافرەتەی کـەمنالێك یـان زیـاتر هەیـە وە پیویسـتی بەچاودێریە ئایا ئەم بەخشینەی لە کارکردن بۆماوەی سێ ڕۆژ بەبێ مووچە بۆ هەر حاڵـەتێك کە پێویست بکات هەفتانەیە یان مانگانەیە؟.

خاوەن کار پێویستە شوێنی پشوودان بۆ ئافرەتان دابین بکـات و داینگـەی بۆمناڵـەکان لەشـوێنی کـارکردن دروسـت بکـات. بـەلأم مـەرجی دروسـتکردنی داینگـەی بـەرەهای نەهێشتۆتەوە بەڵکو بەستراوەتەوە بە دەسـەڵاتی وەزیـری کـار. کەئەمـەش وەك جۆرێـك لـە

[1] بڕوانە ماددەی (٨٧) لە یاسای کارکردن. وەهەروەها ماددەی( ٤٨و٤٩) لەیاسای خانەنیشین و بیمەی کۆمەلأیەتی کرێکارن هەموار کراو ژمارە (٣٩) ی ساڵی ١٩٧١.

[2] بڕوانە دەقی ماددەی (٨٩) لە یاسای کارکردن ژمارە(٣٧) ساڵی ٢٠١٥.

[3] بڕوانە دەقی ماددەی (٩٠) لە یاسای کارکردن ژمارە(٣٧) ساڵی ٢٠١٥.

ناڕوونی تیادایه چونکه نازانرێ که ئایا ئەم ڕێنمایەی دەردەچێت لەلایەن وەزیری پەیوەندار ئەو کارگەو کۆمپانیانەش دەگرێتەوە کە پێشتر دروست کراوون یان نا؟ کە دەبوایە بەدەقی یاسا ئەوە ڕوونبکرابوایەوە نەوەك بەم شێوەیەی لە دەقی ماددەی (٩٢/دووەم) دا هاتووە بەهەڵواسراوی بمێنێتەوە[١]، لەراستیدا ئەمە یەکناگرێتەوە لەگەڵ پێوەرەنێودەوڵەتیەکان و بنەماکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی کە جەخت لەسەر بوونی شوێنی گونجاو بۆ بەخێوکردنی منداڵی ئافرەتی کرێکار دەکەنەوە لەکاتی کارکردن، هەروەك لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا ئاماژەمان پێکردووە.

لەکۆتایی ئەم فەسڵەی کە تەرخان کراوە بەناوی پارێزگاری ماف ئافرەتی کرێکار لە ماددەی (٩٤) دا هاتووە کە هەر خاوەن کارێك سەرپێچی ماددەکانی ئەم فەسڵە بکات سزا دەدرێت بە بژاردن لە (١٠٠٠٠٠–٥٠٠٠٠٠) دینار . باشتر وابوو جۆری سزاکە بەرامبەر پێشێل کردنی ئەم مافانەی کەلەم فەسڵەدا هاتوون تەنها بژاردن نەبوایە بەڵکو بەندکردنیشی تیادا بوایە چونکە ئەم بڕە پارەیەی دانراوە هیچ کاریگەریەکی نابێت لەسەر خاوەن کار .

سەبارەت بەهەرزەکاران کە لەفەسڵی یانزەی ئەم یاسایەدا هاتووە قەدەغەکراوە کە کرێکاری هەرزەکار لەم شوێنانەکار بکات کە زیان بەسەلامەتی وە تەندروستی دەگەیەنێت یان هەرجۆرەکارێکی تر بەشەوانە یان تێکەلاو[٢]، وە پێویستە هەموو جۆرە پشکنینێی پێویستیان بۆبکرێت[٣]، هەمان هەڵەی پێشوو دووبارەکراوەتەوە سەبارەت بە سەرپێچی کردنی خاوەن کار بەرامبەر مافەکانی کرێکاری هەرزەکار کە باشتر وابوو وەك پێشنیارەکەی پێشوومان بوایە کە باسمان کرد لەسەرەوە.

پارێزگاری کردنی کرێکارانی کانە بەردینەکان و کانزاکان کە لە فەسڵی دوانزەدا باسکراوە هیچ جۆرە ئاماژەیەك بەمافی ئافرەتی کرێکار نەکراوە. وەهەروەها سەبارەت بەسەلامەتی پیشەیی و تەندروستی کرێکاران کە لە ماددەی(١٢٠) دا هاتووە خاوەن کار

[١]بڕوانە دەقی ماددەی (٩٢/دووەم) لە یاسای کارکردن ژمارە(٣٧) ساڵی ٢٠١٥.

[٢]بڕوانە دەقی ماددەی (٩٥) لە یاسای کارکردن ژمارە(٣٧) ساڵی ٢٠١٥.

[٣]بڕوانە دەقی ماددەی (٩٦) لە یاسای کارکردن ژمارە(٣٧) ساڵی ٢٠١٥.

لەسەر یەتی چاودێری تەندروستی دابین بكات بۆ كرێكارەكان بەشێوەیەك ئەگەر ژمارەی كرێكارەكان لە (٥٠) كرێكار زیاتر بوون ئەوا برینپێچێك فەراهەم بكات نەوەك دایبمەزرێنێت بەبەردەوامی وەهەروەها گرێبەستێك لەگەڵ پزیشكێك بكات بۆ چارەسەری كرێكارەكان لەشوێنی كاركردن . وەئەگەر ژمارەیان زیاتر بوو لە ١٠٠ كرێكار ڕۆژانە پزیشكی تایبەتمەند بەلای كەم دوو كات ژمێر لەشوێنی كار بوونی هەبێت[١]. لەراستیدا ئەم دەقە دوورە لەواقیع زیاتر بە دەقێكی شكلی دەچێت تەنها بۆئەوەی لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەكانی مافی كرێكاران بگونجێت.

جێگای باسە سەبارەت بە بیمەی تەندروستی كرێكاران كە لە یاسای خانەنیشینی و بیمەی كۆمەڵایەتی كرێكارن ژمارە(٣٩) ی ساڵی ١٩٧١ لەماددەی (٥١/ج) داهاتووە ئەگەر كرێكار تووشی پێكانێكی گەورە بوو وە چارەسەری لە ناو عێراق نەبوو ئەوا ئەو دەستەیە (مۆسسە) دەتوانێ نەخۆشەكە ڕەوانەی دەرەوەی عێراق بكات لەسەریەتی كە تێچوەكەشی لەئەستۆ بگرێ....هتد.) كەواتە ئەگەر ئەو دەستەیە ئەم كرێكارەی رەوانەی دەرەوەی وولات نەكرد كاتێك كە چارەسەری لەناوەوەی عێراق نەبوو هیچ بەرپرسیاریەتێكی یاسای ناكەوێتەسەر. كە ئەمەش بە پێچەوانەی ڕێكەوتنامەكانی مافەكانی مرۆڤ و هەموو ئەو پێوەرە نێودەوڵەتیانەی كە داكۆكی لە مافی ئافرەتانی كرێكار دەكات.

سەبارەت بە ئافرەتانی خاوەن پێداویستی تایبەت یاسای چاودێری كەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٣٨)ی ساڵی٢٠١٣ لە ماددەی (١٤/ چوارەم) ئاماژە بەدابین كردن و ڕاهێنانی ئەو كەسانە دەكات بۆ ئەوەی هەلی كاریان پێبدرێت بە بەشێوەیەك جۆری كارەكە لەگەڵ كەسەكە بگونجێت لە كەرتی تایبەت یان گشتی[٢] .

وەئاماژە بە یاسای خانەنیشین و بیمەی كۆمەڵایەتی ژمارە( ٣٩)ی ١٩٧١ لەماددەی (٢) دا هاتووە كەئامانج لەم یاسایە زامن كردنی سەلامەتی و تەندروستی و ژیانی دوارۆژی

[١]بڕوانە دەقی ماددەی (١٢١) لە یاسای كاركردن ژمارە(٣٧) ساڵی ٢٠١٥.

[٢]بڕوانە دەقی ماددەی (١٤/چوارەم) لە یاسای چاودێری كەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٣٨)ی ساڵی٢٠١٣.

هەموو تاكەكانی چینی كرێكارە لە كۆماری عێراق وەهەروەها ئامانجی دەستەبەر كردنی ئەو خزمەتگوزاریانەیە كە یارمەتی پێشكەوتنی چینی كرێكار دەدات لەڕووی كۆمەلأیەتی و پیشەیی وە گۆڕینی ئاستی ژیانیان بۆ ئاستێكی باشتر لەرێگەی لقەكانی بیمەی كۆمەلأیەتی( تەندروستی، بیمەی پێكانەكانی كاركردن، خانیشین، خزمەتگوزاری).

لەكۆتایی ئەم بەشەدا ئەومان بۆ دەردەكەوێت كە یاسای كاركردن ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠١٥ سەرەرای ئەوەی كە هاورێك نیە لە هەندێك شوێن لەگەڵ بنەماكانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەكانی ئافرەتانی كرێكار بەلأم تارادەیەكی باش پێشكەوتنی پێوەدیارە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ هەوڵ و تێكۆشانی رێكخراوەكانی ژنان و كرێكاران لەسەر ئاستی نێوخۆی و نێودەوڵەتی لەوانەش رێكخراوی كاردكردنی نێودەوڵەتی و لێژنەكانی مافی مرۆڤ و ئافرەتانی سەر بەنەتەوەیەكگرتووەكان.

## کۆتایی

پاش نووسینی ئەم توێژینەوەیەکە بەناونیشانی( لێکەوتەکانی بنەمای یاسای گشتی نێودەوڵەتی بۆپاراستنی مافی ئافرەتی کرێکار لەسەر یاسای نێوخۆیدا)، گەیشتینە ئەم دەرەنجام راسپاردانەی خوارەوە:

### یەکەم: دەرەنجامەکان:

١-هەوڵ و کۆششی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پارێزگاری کردن لە مافی ئافرەتی کرێکار بەئاشکرا دەردەکەوێت لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەتی لە رێکەوتنەکانی کە رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی دەریکردوون. وە ئەم بایەخدانە بەم پرسە لە رێەوتنامەکانیش رەنگدانەوەی هەبووە.

٢-رەنگدانەوە و لێکەوتەی ڕێکەوتنامەکانی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و کۆنگرەکانی ئافرەتان بەتایبەت کۆنگرەی پەکین بە روونی دەبینرێت لەسەر یاسای کاری عێراقی ٢٠١٥.

٣- یاسادانەر لەم برگەی دووەم ی ماددەی(٥٧) ڕەچاوی باری ئابووری و بژێوی ڕۆژانەی کرێکاری عێراقی نەکردووە لەبەر ئەوەی ئەم بڕەی کەدایناوە زۆرە و ناگونجێت لەگەڵ واقعی ئەمرۆی باری دارایی هاولاتیانی عێراقی وە کاتێ بەراوردمان کرد لەگەڵ ئامانجەکانی کۆنگرەی پەکین کە جەخت لەسەر ئەوە دەکات ئافرەتی کرێکار دەبێت ئەو کرێیەی وەری دەگرێت بەشی ئەوە بکات کە خۆی و خێزانەکەی بە ژیانێکی ئاسوودەیی پێ بژین. بۆمان دەرکەوت ئافرەتی کرێکاری عێراقی ئەم کرێیەی وەری دەگرێت بەشی ناکات کە بەئاسوودەی بتوانێ خۆی و خێزانەکەی پێی بژیت.

٤-بۆمان دەرکەوت کە یاسادانەر سەرکەوتوو نەبووە لە دیاری کردنی تەمەنی هەرزەکاران ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ تەمەنی هەرزەکاران لەیاساکانی تر .

٥-یاسادانەری عێراقی گرنگی بە زامنکردنی مافەکانی ئافرەتی کرێکار داوە بەدەق لەحوکمەکانی پەیوەست بەم مافەکانی ئافرەتی کرێکار بە بەراورد لەگەڵ بنەماکانی یاسای

نێودەوڵەتی گشتی و پێوەر و پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکان، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە یاساکە هیچ کەلێنێك و کورتیەکی یاسایی تێدانیە.

## دووەم :راسپاردەکان :

١-لەماددەی یەکەم برگەی(٢٠) دەڵێ (هەموو ... گەیشتبێتە ١٥ ساڵ لەتەمەن وە ١٨ ساڵی تەواو نەکردبێت) لێرەدا نیەتی یاسادانار زۆر ڕوون نیە ئایا مەبەستی ئەوەیە لەناو تەمەنی پانزە ساڵی بێت یان پانزە ساڵی تەواو کردبێت وەباشتر وابوو دەقەکە بەم شیوەبوایە (...پانزە ساڵی تەواو کردبێت...). وەهەمان ناڕوونی و نادیاری بەئاشکرا لە ماددەی (٨) کە دووبارە بۆتەوە.

٢- لە ماددەی(٩١/دووەم) دا دەڵێ ئەم ئافرەتە کرێکارە منالێك یان زیاتری هەبوو کە لە (٦) ساڵ بچووکتر بوو، وە پێویستی بەچاودێری بوو منالەکە، ئەم ئافرەتە دەبەخشرێ لەکارکردن بۆماوەی سێ ڕۆژ بۆهەر حاڵەتێك کە پێویست بکات. وە ئەم ماوەیەی بەبێ مووچە بۆ هەژمار دەکرێت. لێرەدا ناڕوونیەك بەرچاو دەکەوێ کە نازانرێ ئایا مەبەستی یاسا دانەر چیە؟ ئایا ئەم بەخشینەی لە کارکردن بۆماوەی سێ ڕۆژ بەبێ مووچە، هەفتانەیە یان مانگانەیە؟ بۆیە پێشنیاردەکەین کەئەم ماددەیە هەموار بکرێتەوە.

٣-سەبارەت بە بیمەی تەندروستی کرێکاران کە لە یاسای خانەنیشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکارن ژمارە(٣٩) ی ساڵی ١٩٧١ لەماددەی (٥١/ج) داهاتووە ئەگەر کرێکار تووشی پێکانێکی گەورە بوو وە چارەسەری لە ناو عێراق نەبوو ئەوا ئەو دەستەیە (مؤسسة) دەتوانێ نەخۆشەکە ڕەوانەی دەرەوەی عێراق بکات وە تێچوەکەشی لەئەستۆ بگرێ....هتد.) کەواتە ئەگەر ئەو دەستەیە ئەم کرێکارەی ڕەوانەی دەرەوەی وولات نەکرد ئەگەر چارەسەری لەناوەوەی عێراق نەبوو هیچ بەرپرسیاریەتێکی یاسای ناکەوێتەسەر. کەئەمەش بە پێچەوانەی ڕێکەوتنامەکانی مافەکانی مرۆڤ و هەموو ئەو پیوەرە نێودەوڵەتیان کە داکۆکی لە مافی ئافرەتانی کرێکار دەکات بۆ یە پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری بەرێز کە لە جیاتی ووشەی دەستە دەتوانێ(يجوز للمؤسسة) بگۆڕێت بۆ پابەندە ئەو دەستەیە(تلتزم المؤسسة).

٤-پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری بەرێز زیاتر باری ئابووری کرێکاران لە بەرچاو بگرێت ئەمەش بە هەمواركردنەوەی ماددەی (٢/٥٧) وە رێژەکانی بڕینی کرێی کرێکاران لە جیاتی ٢٠٪ بکرێت بە ١٠٪ وە رێژەی ٣٠٪ بگۆڕدرێت بو ٢٠٪.

## سەرچاوەکان

یەکەم: پەرتوك

١. د. ابراهيم عبدالعزيز شيحا، المبادىء الدستورية العامة، الدار الجامعية، بيروت، لبنان، ١٩٨٢.

٢. د. احمد ابو الوفا، الحماية الدولية لحقوق الانسان في اطار منظمة الامم المتحدة و الوكالات الدولية المتخصصة، ط٢، دار النهظة العربية، القاهرة، ٢٠٠٥.

٣. د. امام حسنين عطاالله، حقوق الانسان بين العالمية والخصوصية، دار المطبوعات الجامعية، مصر، ٢٠٠٤.

٤. بدورزكي أحمد والاخرون،مأزق الدستور (نقد وتحليل)، معهد الدراسات الستراتيجية،–العراق، بغداد، ٢٠٠٦.

٥. د. تافگه عباس البستاني، حماية المرأة في القانون الجنائي العراقي، مطبعة نازه، اربيل، العراق، ٢٠٠٥.

٦. د. جبار صابر طه، النظرية العامة لحقوق الانسان بين الشريعة الاسلامية والقانون الوضعي، منشورات الحلبي الحقوقية،بيروت، لبنان،٢٠٠٩.

٧. د. حسن كيرة، المدخل الى القانون،بدون مكان، ١٩٧٠.

٨. د. خليل محمد حسن الشماع والاخرون، مباديء ادارة الاعمال والقوى العاملة، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٠.

٩. د. رمزي طه الشاعر، النظرية العامة للقانون الدستوري، مطابع دار السياسة، كويت، ١٩٧٢.

١٠.د. صادق مهدي السعيد، العمل و تشغيل العمال و السكان و القوى العاملة، مطبعة المعارف بغداد ،١٩٧٤.

١١.د. صباح احمد محمد، مساهمة المرأة في العمل الانتاجي، رسالة ماجستير مقدمة الى قسم الاجتماع بكلية الاداب في جامعة بغداد،١٩٨٥.

١٢. د. صبحي عبداللطيف معروف، سيكولوجية الطفولة والمراهقة،ط٢، مطبعة جامعة بغداد،١٩٨٠.

١٣. د. عبدالكريم علوان، الوسيط في القانون الدولي –حقوق الانسان–مكتبة دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان،٢٠٠٤.

١٤. د. عبدلفتاح عبدالرزاق محمود، الإعلان عن الدولة، اطروحة دكتوراه. مقدمة الى كلية القانون و سياسة، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٧.

١٥. د. عزت سعد السيد البرعي،حماية حقوق الانسان في ظل التنظيم الدولي و الإقليمي، مطبعة العاصمة، القاهرة، ١٩٨٥.

١٦. د. عماد الدين خليل و موفق سالم، مدخل الى الثقافة الاسلامية، دار ابن الاثير للطباعة والنشر،جامعة موصل،٢٠٠٤.

١٧. د. مازن ليلو راضي و د.حيدر ادهم عبدالهادي، المدخل لدراسة حقوق الانسان، دار قنديل للنشر والتوزيع، عمان، الاردن،٢٠١٠.

١٨. د. محمد ابو فارس، حقوق المرأة دار الفرقان، عمان، الاردن، ٢٠٠٠.

١٩. د. محمود سلامه جبر، الحماية الدستورية والقضائية للحقوق الأساسية في العمل، منشو ا رت مكتب الإعلام بمنظمة العمل العربية، بدون سنة نشر.

٢٠. د. مدهش محمد أحمد عيد االله المعمري، الحماية القانونية لحقوق الانسان في ضوء احكام القانون الدولي والشريعة الاسلامية، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، مصر، ٢٠٠٧.

٢١. د. منى محمود مصطفى، القانون الدولي لحقوق الانسان، دار النهضة العربية، القاهرة،١٩٨٩.

٢٢. د. هشام فرعون، قانون العمل–تنظيم علاقات العمل، جامعة دمشق، ١٩٨٩ .

٢٣. د. وسام حسام الدين الأحمد، حماية حقوق المرأة في ضوء الشريعة الاسلامية و الاتفاقات الدولية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ط١ ،٢٠٠١ .

دووەم : بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان:

١. بەڵگەنامەی کۆنگرەی یەکێن

٢. پەیمانامەی تایبەت بە مافە ئابوری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان١٩٦٦.
٣. پەیمانامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان ١٩٦٦
٤. جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ١٩٤٨
٥. جاڕنامەی سەربەخۆی ئەمەریکی ١٧٧٦
٦. جاڕنامەی مافەکانی فەڕەنسی ساڵی ١٧٨٩
٧. جاڕنامەی ئینگلیزی بۆمافەکان لەساڵی١٦٨٨
٨. ڕێکەوتنامـــــــەی ڕێکخـــــــراوی کـــــــارکردنی نێودەوڵـــــــەتی بـــــــەم ژمارانە(١٧٢و١٩و٩٥و٩٨و٤٥و٤١و١٣٨و١٨٢و١٠٠و١٠٣و١٠٥و١١١و٢٩و١٣٥).
٩. ڕێکەوتنامەی ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە جیاوازیەك دژی ئافرەتان
١٠. ڕێکەوتنامەی کارکردنی عەرەبی ژمارە (١٩) ١٩٨٨
١١. ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازیەکی ڕەگەزی دژی ئافرەتان
١٢. کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئافرەتان لە مەکسیك لە ساڵی ١٩٧٥
١٣. کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئافرەتان لە کۆپنهاگن ١٩٨٠.
١٤. کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئافرەتان لەمەکسیك ١٩٨٥.
١٥. کۆنگرەی نێودەوڵەتی ئافرەتان پەکین ١٩٩٥.

سێ یەم: یاسا ناوخۆیەکان:

١. دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥.
٢. یاســای خانەنیشــین و بیمــەی کۆمەڵایــەتی کرێکــارن هــەموار کــراو ژمارە (٣٩) ی ساڵی١٩٧١.
٣. یاســای چــاودێری کــەم ئەنــدامان و خــاوەن پێداویســتی تایبــەت ژمــارە (٣٨)ی ساڵی٢٠١٣.
٤. یاسای کارکردن ژمارە(٣٧) ساڵی ٢٠١٥

چوارەم: سەچاوە ئەلکترونیەکان:

1. http://hrlibrary.umn.edu/arabic/BeijingDeclPl.html

2. http://spring-forward.unwomen.org/ar/partners/un-women
3. http://www.un.org/ar/index.html
4. http://www.un.org/ar/sections/issues-depth/women/index.html

# پوختە

ئەم توێژینەوەیە لێکەوتەکانی بنەمای یاسای گشتی نێودەوڵەتی بۆپاراستنی ماف ئافرەتی کرێکار لەسەر یاسای نێوخۆیدا دەگریتەخۆ" لەئەنجامی ئەوبایەخدانە ڕوو لەزیادبوونەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەپرسی مافەکانی مرۆڤ وئافرەتان دەردەدرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی، وە لەپێناوی بەرەو پێش بردنی سیستەمی یاسایی تا وەکو شان بەشانی وولاتانی تر بڕوات و دوانە کەوێت، یاسادانەری عێراقی گرنگیەکی زۆری داوە بە زەمینەخۆش کردن و دانانی مەرجی گونجاو و شیاو بۆ ئافرەتی کرێکار بۆئەوەی بتوانێ بێتە ناو گۆڕەپانی کارکردن، کە دەقنووس کراوە لەیاساکانی کاردکردن وخانەنیشی و بیمەی کۆمەلأیەتی سەرەڕای دەقەکانی دەستوور. وەبۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە لەبەشی یەکەم باسمان لە ماف ئافرەتی کرێکار کردوە کە ئەویش بەسەر دووتەوەر دابەشکراوە لەیەکەم باسمان لە ماف ئافرەتی کرێکار کردووە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان وە لە تەوەری دوەمیش باسمان لە ماف ئافرەتی کرێکار کردوە لە جاڕنامە جیهانیەکان و کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان ، دواتر لەبەشی دووەمی توێژینەوەکە ئەویش دابەشکراوە بۆ دوو تەوەر لەتەوەری یەکەم باسمان لە ڕەنگدانەوەی بنەمانێودەوڵەتیەکان بۆ پاراستنی ماف ئافرەتی کرێکار لەدەستووری عێراقی ٢٠٠٥ وە لەتەوەری دووەم باس کاریگەری بنەما گشتیەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ماف ئافرەتی کرێکار لەسەر یاسای نێوخۆی عێراقیدا کردووە.وە لەکۆتایی توێژینەوەکەمان گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کە هەروەك بینرا لەئەنجامی شیکردنەوەو بەراوردکردنی دەقەکانی یاسای نێوخۆی لەگەڵ دەقەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی پەیوەندار بەماف ئافرەتی کرێکار بۆمان دەرکەوت زۆر بەراشکاوی زۆربەی ئەو گەرەنتیانەی کە لە پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکان و بنەماکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی ئاماژەیان پێدراوە وەك گەرەنتیەك بۆ پاراستنی ماف ئافرەتانی کرێکار کاریگەری و ڕەنگانەوەیان هەبووە لەسەر دەستووری عێراقی و یاسای کارکرنی عێراقی و یاساکانی تری پەیوەندار بەم بابەتە.

## الملخص

حيث ناقشنا في بحثنا الموسوم بـ(أثر قواعد القانون الدولي لحماية حقوق المرأة العاملة على القوانين الداخلية)، ويأتي ذلك نتيجة للإهتمام المتزايد على المستويين الدولي و الداخلي ، من أجل تطوير النظام القانوني الداخلي حتى يوازي تشريعات الدول الاخرى.

وقد إهتم المشرع العراقي بحقوق المرأة العاملة ،و ذلك من خلال تضمينه لشروط مناسبة تسمح للمراة بالقيام بالعمل، كما جاء في نصوص قانون العمل و لإهمية هذا الموضوع تم النص عليه في الدستور العراقي ٢٠٠٥.

وبناءً على ماتقدم، تم تقسيم البحث الى قسمين، تناولنا في الأول: حقوق المرأة العاملة، و الذي تم تقسيمه الى محورين، بحثنا في الأول حقوق المرأة العاملة في المواثيق الدولية، والثاني حقوق المرأة العاملة في الإعلانات و المؤتمرات الدولية، بعد ذلك خصصنا القسم الثاني لبحث أثر قواعد القانون الدولي العام لحماية المرأة العاملة في القانون العراقي، حيث تم تقسيمه الى محورين ايضا، تناولنا في الأول إنعكاسات قواعد القانون الدولي لحماية حقوق المرأة العاملة على الدستور العراقي ٢٠٠٥ و في الثاني تناولنا إنعكاسات قواعد قانون الدولي العام على قانون العمل العراقي.

وبعد تحليل و مقارنة نصوص القانون العراقي مع قواعد القانون الدولي المتعلقة بحقوق المرأة العاملة تم التوصل الى استنتاج مفاده"ان معظم حقوق و ضمانات المرأة العاملة التى تم تضمينها في المبادئ و القواعد الدولية قد تم الأخذ بها في الدستور العراقي ٢٠٠٥ و كذلك قانون العمل العراقي و القوانين الاخرى المتعلقة بهذا المجال".

## ABSTRACT

This research paper discusses the effects of international laws for protecting the rights of women workers on the laws on the local level, as a result of the increase of the importance of the rights of the women workers on the national and the international levels. In order to advance the laws of the country and keep it at the level of the international laws, the Iraqi legislator has paid a special attention to the case of the women worker and provided the right conditions to allow women to come to work and provided the legal texts to do that. In this research paper the discussion has been divided into two main parts. In the first part we have discussed the rights of women workers in the international documents and in the international rights declarations and international conventions. In the second part we have discussed the reflection of the rights of the women workers in the Iraqi constitution of 2005 and also the effects of the international laws for protecting the rights of women workers on the Iraqi laws. At the end of this research paper and as a direct result of the comparison of the legal texts we reached the conclusion that most of the rights and protections for women workers that are guaranteed by the international laws has been provided by the Iraqi constitution and local laws in Iraq.